# یادگارییەکانی پێنجوێن

ئەنوەر محەمەد

# یادگارییەکانی پێنجوێن

ئەنوەر محەمەد

چاپی یەکەم ٢٠١٩

- ناوی کتێب: یادگارییەکانی پێنجوێن
- نووسینی: ئەنوەر محەمەد
- کتێبی بیرەوەریی
- دیزایین و تایپ: هێدی محەمەد ئەمین
- دیزایینی بەرگ: گەنجە تاریق
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپی یەکەم ٢٠١٩
- چاپخانەی شڤان

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (     )ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێ دراوە.

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........ ٥
وەڵامێك ........ ٧
بۆ پێنجوێن ........ ٨
کانی حەیات ........ ٩
گەڕەکی بەرکێو.. بەهەشتی ڕۆحم ........ ١١
بۆ ئەلیاسەفرە ........ ١٤
زستانی جاران ........ ١٧
سەردانێك ........ ١٩
قەڵادێ ........ ٢١
بلکیان ........ ٢٣
سەرچەمی پێنجوێن ........ ٢٥
(میرە زەین) بەیادی جاران ........ ٢٨
قەڵای کچێ ........ ٣١
کێوی شێخ حسن ........ ٣٣
ناوشاخان ........ ٣٦

یادەوەری ........................................ ٣٨
لەبەر چی هەستی من بە دەوری خەیاڵدا خول دەخوات؟ .. ٤١
خەمێکی پێچاوپێچ ........................................ ٤٣
پیر جومعە ........................................ ٤٥
مەلی خەیاڵ ........................................ ٤٧
سەیرانی نەوبوك ........................................ ٤٩
سوڕانی زەمانە ........................................ ٥٢
تەنورەی بیر ........................................ ٥٤
تاڵاوی ڕۆژی بوکێنی ........................................ ٥٦
یادگارییەك ........................................ ٥٩
بۆ ڕۆژی پێنجوێن ........................................ ٦١
یادی چوارباخ ........................................ ٦٦
گەڕەکی بەرزان ........................................ ٦٩
جوانی پێنجوێن ........................................ ٧١
پایزی دوری ........................................ ٧٤
بۆ (هەڵاڵە برمە) ........................................ ٧٦
نەوبوك ........................................ ٧٨
هەستی من ........................................ ٨٠
کۆتری خەیاڵ ........................................ ٨١
من ........................................ ٨٢

دەروێشێکی گۆشەگیر ........ ٨٣

دوورپیان ........ ٨٤

چاوەکانم ........ ٨٦

چلورە ........ ٨٧

شەپۆلە بێ ئۆقرەکان ........ ٨٨

وێنەیەك ........ ٨٩

لەو دیو تەنافی هەڵخراو ........ ٩٠

واتای وشە نادیارەکان ........ ٩١

# پێشەکی

من لەم چەند ساڵانەی دوایدا جار جار لە فەیسبوک بابەتێکی ئەدەبی یان مێژوییم دەنوسی کە هەردو جۆرەکەش دەربارەی ئەو سەردەمەی پێنجوێن بووە کە تیایدا ژیاوم، وەك کۆمەڵێك وینەی منداڵی و لاوێتیم. هەستم کرد کەسانێکی زۆر چێژی لێوەردەگرن، تەنانەت کەسانێك کە خەڵکی ئەو ناوچەیەش نین و هەرگیز پێنجوێنیشیان نەبینیوە. بە کۆمێنتەکانیان زۆر هانیاندام بۆ بەردەوامی، پێشنیاری ئەوەیان بۆکردم کە هەموو بابەتەکان لەناو کتێبێکدا کۆبکەمەوە، تا بەدووربێت لە فەوتان، خەڵکانێکی تریش کە نەیانینیوە سودی لێوەربگرن.

دواجار پێم باشبوو بەبەتە ئەدەبییەکان بەجیا بڵاوبکەمەوە ، بابەتە مێژوییەکان هەڵبگرم بۆ دەرفەتێکی تر.

ئەم یادەوەریانە کە بە شێوازی شعر و پەخشانە شعر نوسیومە، ڕیزەیەك گەوهەری یادگارین هەمیشە لەناخی مندا دەدرەوشێتەوە، هەوڵمداوە بە شێوەیەکی سادە وکورت هەستی خۆم بۆ ئەو جوانیانە دەربڕم، ئەو جێگا دڵگیرانەی جارانی پێنجوێن و هەندێك لەو کەسانەی کە بەشێك بوون لەو جوانیانە وەبیر هەموان بهێنمەوە و ئاشنایان بکەم بە نەوەی نوێ و داهاتوو. زیاتر هونەرمەندە

میللیەکانم بۆ گرنگ بووە، وەك گۆرانیبێـژ و شمشـاڵژەنەکان، چـونکە لە دیدی منەوە لە هـەموان زیـاتر شـادی و خۆشـیان لـە دڵـی خەڵکدا چـاندووە، بـەبێ هـیچ بەرامبـەرێك. زیـاتر هەوڵمـداوە ونبووەکـان بدۆزمەوە، زۆر گوێم بە شوناسەکان نەداوە.

سەیرانگاو شوێنە خۆشەکانی پێنجوێن هەر ئەمانە نین کە من لێـی دوام، تەنها ئـەو جێگایانـەم هەڵبـژاردووە کـە لەگـەڵ هەسـتی خۆمـدا گونجا بێت.

هیوادارم بە هەمو کەم و کورتیەکەوە کە هەسـتی پێدەکـەن، لانـی کەم توانیبێتم وەفایەکم نیشاندابێت بۆ شارە نازدارەکەم .

لە کۆتایدا دەمەوێت زۆر زۆر سوپاسی ئەم هاوڕێ ئازیزانـەم بکـەم کە زۆر دڵسۆزانە ماندو بـوون بـەم کتێبـەوە، هـەوڵ و خۆشەویسـتیان بەرز دەنرخێنم هیوادارم نمونەیان زۆر بێت.

زۆر سـوپاس بـۆ هـاوڕێی دێـرینم کـاك ئـەمین کـەریم و هـەردو جگەرگۆشەکەی زەنوێر خان و هێـدی خـان کـە زۆر مانـدوم کـردن بـە تایپ و دیزاین و چاپ و هەمو کارە هونەریەکانی تر.

زۆر سوپاس بۆ هاوڕێی هونەرمەندی شێوەکارم صەلاح حمە صالح کە بەرگی کتێبەکەی بۆ نەخشاندم.

# وەڵامێك

هەنــدێك كــەس پــێم دەڵــێن تــۆ بۆچــی ئەوەنــدە بــۆ پێنجــوێن دەنوسیت، زۆر شوێنیتر هەنە لە پێنجوێن دڵگیر تر، شاخانی بــەرزتر، باخــانی چــڕتر و ســەوزتر. (بــەر كێــو) و (بەنگەڵــە) یــان (شــیوی جولەكان) چ (كـانی حـەیات) و چ (بـەرزان) كۆمەڵـە مـاڵێكی تـەپیو و دارِماو، نە هاژەی كانیاو و چەمانی لێماوە، نە سـەمای ئـاوازێ لەوێـدا جێمـاوە. ئـەو گـوڵ و گـوڵزارەی وا نـاوت هێنـاوە بـە تـەنها باوەشـێ تۆڵەكەیە و گەزنەیە لەو قەراغ لیتاوە. نازانین ئەم سۆزو ئەوینـەی تـۆ چییە، ئەم عیشقە شێتییە یان دەردە پیرییە.

من دەڵێم ئـازیزان لـە چـاوی نالییـەوە (حەبیبـە ببینن،خـۆ دەڵـێن مەحبوبە زۆر خێل و قیچ بووە، ئـەی بۆچـی لـە دیـدی نالیـدا تـرازوی نازێكەو جار جارێ سەردەكا). ئەی بۆچی لای وەلی (هەر شـەمی چـل چرای شەوان بوو، خۆ كچی شۆخ وشەنگ، بەژن رِێك، قەد باریك، چاو كاڵ و چاو مەستان زۆر زۆر بـوون، ئـەدی بـۆ رِۆحـی ئـەو بـە تەنهابـە دەوری رِەشماڵی نێو خێڵە جافێكدا دەسورِا، ئاگری دڵی ئـەو هـەر لـە رِێی گەرمیان و كوێستاندا دەسوتا.

# بۆ پێنجوێن

جار نەبوو ئاگرێك، بڵێسە لە بەژنە سەوزەکەت بەرنەدات، دوکەڵی شەڕەکان، پۆشاکی ڕەشپۆشی بەسەرتا هەڵنەدات،گورگەکان کەڵبەیان لە ئاهوی جوانییەکەت گیر نەکات،جار نەبوو واشەی شوم کۆتری ئاشتییەکەت ڕاو نەکات،نەوەی تۆ دەربەدەر لە کۆشتا ڕانەکات، شالاوی جەنگەکان دیدەی شار بە گریان تەڕ نەکات،خەڵوزی سوتانت دەست و پێی دوژمنان ڕەش نەکات، جار نەبوو چەند کەللە سەرێکی بێ لاشە نەبێتە ملوانکەی گەردنت، جار نەبوو کەژانم نەخەنە گریان و فرمێسکی لە چاوی بلکیاندا سەر نەکات،جار نەبوو دوپشکی ناحەزان زریکە لە بێشکەی ماڵێك بەرنەدات،جار نەبوو سەر دڵی عاشقێك نەپێکرێت، وەك هەزار کانیان خوێناوی لێ نەڕوات، جار نەبوو چڕنوکی شیوەنێك سەرگۆنای کچانت دانەڕنێت، مشتە قوڕ لە سەری دایکاندا نەپێورێت، باوکانی کۆڵبەکۆڵ هەناویان بە کسپە پڕ نەبێت،جار نەبوو شمشێری جەلادێك چەند لاوێك سەر نەبڕێت، جار نەبوو بەڵایەك نەئاڵێ بە بالات، پەرچەمی سەربان و حەسارت بە شۆفڵ نەماڵێت، یەك جێگا لە جەستەی ئەم لوبنان شکێنە نەماوە بە باروت داخ نەکرێت.

## کانی حەیات


چەند ماڵێکی ڕەقەڵەی جۆراوجۆری لەیەک نەچوو لەمبەر چەم و لەوبەر چەم، بە هەورازی دوو کێودا هەڵزنابوون، لە دوو لاوە بە هەردوو دەست دێمەکەیان لە باوەشدا هەلگرتبوو.

ئەم دێمە قژ سەوزە یان بڵێم ئەم بوکی نێو شارە، سەری خستۆتە سەر سنگی جەلال بەگ و بەرامبەری ئەحمەد هاجەر ڕاوەستاوە، بالآی بەرزی بە گولزار و گەلای داری داپۆشراوە، لە دامێنیا کانی حەیات هەڵقولاوە، ئێواران کاروانی کیژۆڵەی ئاوکێشان وەك پۆلە مراوی بە لەنجە دەهاتن، لە چەندین کۆلان و تولەڕێ بۆی دەکشان لە شیوی پیر خەسرەو، لە دۆڵی بناری تەختایی، لەم سوچ و لەو ماڵ و لەو کوچەو لە گشت لا، سەر کانی هەموویانی تێکەڵی یەك دەکرد. قریوەی پێکەنین باسو خواس، جریوەی چۆلەکە و هاژەی چەم، گشتیانی ئاوێتەی یەك دەکرد.

لەم دوا دەروازەی شارەدا، لەم سەرکانی و گوێ چەمەدا، لەم دەربەندە بۆن خۆشەدا، لەم سەرای عەشق و سۆزەدا، زۆر حەزو هەستی دڵ، لێرەدا چرۆی کرد ئێواران ئەم جادە پڕ چاڵ و چۆلانە، ئەم لاڕێ و قۆقزو لەڕانە، دەبوونە شەقامی پڕ شەوقی مەڕ مەڕی، سەرقاڵی هات وچۆ چڕ دەبوو، پەپولەی چاوانی پڕ خۆزگەی

سەوداسەر هەر یەکەو بە دەوری شەمێکدا دەسووڕا. لەم سەرە ڕێگەدا ماڵی باخەوانێك هەبوو، باخچەی شیعری نەخشێنرابوو بە گوڵاڵە و نەونەمامی بەژن و باڵا، ئەم شاعیرە جوانپەرستە جوانیی نەما لەم شارەدا نەیچاندبێ لە گوڵاوی هۆنراوەیدا، بیستومە لەوبەریش باوە لێی شمشاڵێ، کە زوتر بە پەنجەو هەناسەی سۆزداری، ئاهەنگ و هەڵپەڕکێی لە ناخی خەڵکیدا جۆشداوە، ئەم نەغمەو ئاوازە بێ نازە، هیچ دەنگ و نەزمێکی لە دوای خۆی جێ نەما.

ئەم نیمچە گەڕەکە هەر مەڵبەندی هەوای خۆش و خەونی وەنەوشەیی نەبوو، لانکەی چەندین شۆڕە سواری ناو شۆڕش بوو، عەشقی ئەوان لە گشت عەشقێ پیرۆزتر بوو، حەزی ئەوان باڵاتر بوو، ئامانجی وان مەزنتر بوو هەر بە تەنها لە دوو ماڵی بەرد و قوڕی دوا گۆشەی ئێرەدا، سێ قارەمان، سێ ئەستێرەی پرشنگداری ئەم وڵاتە، یەك لە دوای یەك، گیانیان بەخشیە پێناوی سەرفرازی ئەم میللەتە، ماڵەکەی شێخ سادەش لە ژوور سەر ئەمان بوو کەمالیش لەم جێگە لێژەدا قاچی گرت، هەر لەناو ئەم خۆڵ و بەردەدا یاری کرد. لەمبەریش ڕێبوارێکی شۆڕشگێڕی یەکسانیی خواز، هیواکانی نەك لەم شار و مەملەکەتە، لەم جیهانەش مەزنتر بوو، ئێستاکە جێی داخە، نەزرگەی ئەم شۆڕشگێڕانە، جێی لانەی ئەم شێرە کوڕانە، هەر ئاوا خاپور و وێرانە.



## گەڕەکی بەرکێو.. بەهەشتی ڕۆحم

نازانم لە کوێوە بچمە نێو بەهەشتی ئەم ڕۆحەم، سەر سەکۆی کام ماڵیان بکەمە تەختی خۆم، کام ڕێگا دەمباتە دوا کوچەو دوا ماڵی، کۆری کام بەرماڵی ڕام دەگرێت، ئێوارەی کام گوڵ و ڕیحانەی گوێ بانی دەمگرێت لە کانیٚ (ئەلیاسە) و (باخەکەی بەگەوە) ڕێ بکەم یان (هەزار کانیان) بکەمە پێش ڕێگەم، یا وەك و ڕێك برۆم، دوو باسکم بە دوو لای بازنەیی لە دەوری کەمەری داپیرەی ئەم شارە گیر بکەم، ڕومەتی سوتاوی (قەلاَکەی نەورۆز)ی ماچ بکەم. یەکەم جار بە ئاوی تاڤگەکەی (کانیان) دوا تۆزی سیمای ئەم غوربەتەی پێ دەشۆم،

ئەوجاکە دەچمە سەر حەوزەکەی مزگەوتی بەرکێو و دەستنوێژێ بۆ عەشقی ئەم یادە هەڵدەگرم، قۆڵ دەکەم بە قۆڵی گەنجیمدا و پێش ئەوەی بەو لاڕێ هەورازەی خوار کونە موورودا تێپەڕم لە کانی حەیاتدا لادەدەم، دەم دەنێم بە سەرگۆی مەمکۆڵەی کانیاوی تا قرچەی ئەم دڵە برژاوەم تەڕ دەکات، لە پاشان بەو ئاسکە ڕێیەدا هەڵدەزنێم بۆ کۆشکەبەرزەکەی هەورامی دەچمە سەر کورسییەکەی مام کەریم دەڕوانمە کێوان و پێدەشتی، لەوێوە بانەو بان دەڕۆم و دەچمە لای (بانبەرد) و چەرخەکەی، نوکی ئەم قەڵەمە کولارتەم تیژ دەکەم پێی دەڵێم مەحرەم و ئاشنای ئەم ناوە سنوقی چەرخەکەت بۆ دەدەم بە کۆڵداو ماڵەو ماڵ بمگێڕە لەگەڵ خۆت. لە خوارتر وا سەدای (عەرەب) و (تاریکە)م دێتە گوێ دوو بەستە بە زەوقی نێو شایی و هەڵپەڕکێ. من ئێستا ئێرەکە جێ دێڵم خۆم دەکەم بەو دیودا بۆ سەروی شیوەکەی (پیر خەسرەو) دوو نەغمەی ڕەسەنی دوو برای کۆماسی لەوێدان، کەمێ تر مام حەمە کەریمیش لە بازاڕ دێتەوە ڕەسمێك لەگەڵ فەقیانەکانیدا دەگرم. وا ئێستاش لە خواروی ماڵەکەی (هەلاج)دا بەو ڕیزە بانەداتیلێن و ڕایەنە، هەموویان سەرقاڵی یارین و هیچی تر نابینن. بێ وچان ڕێدەگرم بەرەو ژوورخول دەخۆم بە دەوری کێوەکەی (قاسێ)دا تا سەرووی ماڵەکەی خاتونی مەلەکێ، بەو لاڕێ خزەشدا بە لاری دێمە خوار تا بەردەم تەختایی ماڵەکەی مام حسێن. مۆسیقای ئاهەنگی جارانی ئەم شارە لێرەدا نوستووە،

جوزەڵەو شمشاڵی بە جۆشی مام حسێن لێرەدا بێنازو بێ هەوا کەوتووە. من گەروی لەو تۆزە خۆڵەدا دەردێنم، لێوانم دەخەمە سەر لێوی زوڕناکەی بە نەزمی لیرەکەی (مەڵەك) و بە هاڕەی نیو لیرەی شۆخەکەی دەیژەنم، ئیتر من واوەتر ناچم و دەچمەوە نێو دڵی بەرکێوم لەم ڕێگەش جارێتر لادەدەم بۆ حەوزو فوارەی ڕەشیدی رەحمان و لە بن دارگوێزە گەورەکە، هەردوو گوێم ڕادێرم بۆ دەنگ و چریکەی بەسۆزی مەحمودی نصرولا باپیرە گەورەکەی ئاوازو گۆرانی وا ئێستا کاتیەتی خۆم دەکەم بە دۆڵی بەرکێودا دەچمە لای خورشیدەی تاقانە شاعیرەی شارەکەم. لەم چەمە بێئاوە ڕوبارێك لە شیعرو فۆلکلۆر هاژەی دێت، لەم شیوە وشکەدا شەپۆلێك لە بەیت و قەسیدەی جۆراو جۆر جوڵەی دێت. من ئەمشەو بە بادەی ئەو بەیتە میللیانە مەست دەبم لەگەڵ ئەو ئەفسانەی دێوەکان دەخەوم، ئەی داخ و هەزار داخ بۆ شەو و ڕۆژانی ڕابردوو. ئەی داخ و هەزار داخ ئەو ساتەی شۆفڵ و سوپاکەی بەعسیان هەر وەکو گەلەگورگ کەوتنە نێو ڕاونانی ئەم شارە، لمۆزیان لە باڵای ئەم ماڵە ڕوتانە داچەقاند، بە چنگی چڵکنیان پەرچەمی حەسار و دوا ماڵی ئەم شوێنە داڕنا، قریشکەو هاواری ئەگریجەی گوڵاڵەو لاولاوی سەربانیان بەم چەم وشیوەدا کێش کرا، ئاوێنەو پەنجەرەی جێ نیگای جوانەکان، سەر بەردو ژوانگەی لاکۆڵان بەیەکدا داڕمان، ئەم خەڵکە ئاوارەو برسیەش وەك چیلکەی دەم زریان هەر یەکەو لە شوێنێ ڕاوەستان.



## بۆ ئەلیاسەفرە

مـن ئـەمڕۆ بەرخۆڵـەی یـادێکم بـە دەوری شـۆخێکدا دەگێـڕم کـە وێنـەی نـەبووە و نـاییبینم، بـۆ گـوڵی ڕێگایـەك هەڵدەمـژم لـەو. بۆنـە خۆشترم نەمـژیوە و نایمـژم، شـەرابی خـەیاڵێك دەنۆشـم لـەو چـێژەم نەچەشتووە و نایچەژم. گەڕانی ئەم دەمـە و ئێـوارەی ئەندێشـەم لـەو جادە خۆڵینەی لای خۆمـان، مۆسـیقای بـە سـۆزی ئـەو کـانی و گـوێ چەمەی سەر ڕێمان، ئەم جەستە لەرزۆکەم دەخاتە سەمایەك لێوانلێـو لە جۆش و خرۆشیان، سێبەری ئەم پیاسەی عەسرە و دوام قـەتارەی گوڵزاری ئەو قـەراغ ڕێگەیـە، کەوسـەری ئـەم لێـوە وشـکانەم لا لێـوی پلوسکی ئەو کانییە ساردەیە.

چەند سەرنجڕاکێشە ئەو کاتەی تیشکی ڕۆژ تا دەچێت بەو دیوی (تاریەر)دا بە لاچاو داگرتن دەڕوانێ و لە جوانی ئەم جێیە تێر ناخوات، ئەو دەمەی نەرمە بای هاوینە و سەمای دار، لەنجەی گوڵ، هاژەی ئاو، جریوەی باڵندە و دوا تیشکی خۆرەتاو هەموویان پێکەوە لە سینەی ئێرەدا جەم دەبن.


دەرزیخەی بەریەخەی هەردوولای ئەم شارە ئێرەیە، پیرۆزەی خاڵی سەر تەوێڵی ئەم شارە ئێرەیە، گەوهەری گەشاوەی مابەینی دوو برۆی پەیوەستی ئەم شارە ئێرەیە.

من ئیتر ناجولێم وەك هەرمێ باڵەکی باخەکەی (مام عەبە) خۆم دەکەم بە لقی دارێکدا و دەڕوانمە منداڵیم، بیستوشمە ئەم شەخصەی لێرەیە توڕەیە، مەر کەسێ عەنجەلی مەرگی بێت تاڵە موی قژێکی سەر داری لێوەکا گەر چاوی غەزەبی لە هەر کەس هەڵبڕێ، لێی بدات نەعرەتەی پڕ لە ئێش دەیکاتە خۆڵەمێش.

ئەم قسن و مەزارەی لێرەیە دەمبینی زۆر بەردی نیازی حاصلێ بوون دەلکێنرا بە دەوری حەساری. بەردێکی هێلکەیش سەرێکی دەنرایە سەر سکی بەردێ تر ئەو سەری دەستێکی نیازی لەسەر بو داوی دڵێ دەبەسترا لە خولگەی ئەم بەردە گلۆڵەی پێچراوەی ژانەکان بەردەدرا، گوێم لێبوو دەیانوت، وەخولێ بەردەکە بە چەرخە، ئاواتی من سەرخە بەچەرخە مەیلی ویم بۆ دەرخە، خول بدە خۆت بادە، ئەم تەمی غەمانەم بۆ لادە، تۆزێ ئەم ڕۆژگارە تاڵەم بە بادە هەستێکم بدەرێ مەستمکا وەك بادە.

وا ئێستا ئەو کچە بە ناز و بە فیزە دەبینم کە خـەڵکی پێـی وابـوو جوانیەکـەی لوتبـەرز و سەرشـێتی کـردوە، کەچـی وا لێـرە وەك ژنـیٚ کۆست کەوتو لەبەر پێی مەزاری ئەم شەخصە کزۆڵەی کـردووە، هـەر زو زو بە فرمێسك دیواری قصنەکە ماچ دەکات، پێی دەڵێت، ئەلیاسە وا ئـەیوب بێـزار بـوو لـە صـەبرم، خەریکـە لـە پێسـتی خـۆم دەرێـم کەڵەکی ئەم حەمکە غەمانە ڕۆژێك دێت بەسەرما بڕوخێت.

ئەلیاسە تۆ فەنای عەشقیٚ بووی من فـەنای عەشـقیٚ تـر، ئەلیاسـە هەڵفڕەو بە ئاگای بێنەوە، تورِە بە و پێی بڵیٚ ئارامیم وا بۆتە ئاگرێـك خەریکە سەرتاپای ژیانم دادەگرێت، ئەلیاسـە دەزانیـت چـیم دەوێـت. شەخصەکە تورِەبە بیٚ زەرەر میهریشت بیر نەچـێت، چـون دڵـی وەك هەرمیٚ گوڵاوی ئەم باخەی تەنیشـتمان ناسـکە، پێـی بڵـیٚ چـاوانم بـە چەشنی ئەم چـەشمەی خـوار خۆمـان فرمێسـکی جارییـە، بـە چـاوان تورِە بە لە ناخا سۆزت بێت، ئەلیاسە هەڵفڕەو پـەرداخێك لـە ئەشـکی ڕژاوی مـن بـەرە، گوڵـدانێك لـە ماچـی جێمـاوی بـۆ بـەرە، پارچـەیەك ئالآیی میفەرِکی خۆت بەرە وەیپێچە بە سەریا، پێی بڵیٚ وا کەسێك لـە رِێی تۆ وەکو مۆم وەستاوەو دەسوتیٚ، تورِەبە شەخصـەکە تـورِە بـە بە درۆ تورِەبە.



## زستانی جاران

وا دەمەو ئێوارە بەفرێکە من و کۆڵەکە کۆنەکەی بەر هەیوان پێکەوە وەستاوین، دەستێکم لە باڵاو کەمەرەی ئەودایەو سەریشم بەرەو ژوور بە پشتا خستووە، ڕیشۆڵەی چاوانم بۆ ئاسمان هەڵکشا پەپولەی باڵ سپی ئاسمانیش بە لەنجە بۆ زەوی داکشا، لە نێوان کشان و داکشان هەستی من ئەم لاشە وەستاوەم دەفڕێنێ بۆ ئاسمان.

ئێستاکە سەربان و دامێنی چیاکان سپی بوون کەمێ تر شەوگاری درێژیش خۆی دەکات بە شاردا زەردایی پەنجەرەی ماڵەکان دێنە

دەر، هەرسێ ڕەنگ تێکەڵی یەك دەبن تابلۆیەك پڕاو پڕ لە جوانی بۆ گیانم دەکێشن وا تاریك داهات و بە دەوری گڵۆپی عەمودە سورەکەی بەر ماڵمان، پروشە بە وێنەی گەوهەری پرشنگدار دەسورێن زۆپای دار کڵپەی دێ و بە دەوریا مەتەڵ و حیکایەت لە زۆر ماڵ بازنەیان بەستووە.

ئەو شەوەی من دەمویست ئەمشەوە، لەم شەودا هیچ کەسێك لە ماڵی تەنیادا نامێنێت دیدەنی و هاتو چۆی بێ پلان، کۆڵانەو کۆڵان و بانەو بان، بەختیاری و زیندویەتی دەخاتە ناو خێزان.

سەردەستەی حیکایەت خوانانی ئەم شارە دراوسێی دێرینی خۆمانە، مام فەتاح گەنجینەی داستان و ئەفسانەی پەریانە، تا زووە با بچم چێگایەك لە کۆڕی ئەو بگرم کاسەیەك لە بادەی خەیاڵی بنۆشم، مەستم بکات بێ ئاگا هەتاکو بەرەبەیان زوو هەستم.

پێنجوێنم ئەمڕۆکە کراسی بوکێنی لەبەرە مەعشوقی هەتاوە، لە بەیان تا شێوان بە دەوریا دەخولێ، سەرتاپای ئەم بوکەی کردۆتە پولەکەی زێڕینی بە تیشك و چاوانی هیچ کەسێك ناتوانێت لە بەریا خۆی بگرێت، بەیانیان سەرکولمی کەژانی ماچ دەکاو ئێوارەش ڕومەتی زبری خۆی دەخشێنێت لە شانی تاریەری.

ئەم سۆزو ئەوینە بۆ یەکدی هەر دەڕواو دێتەوە تا دواجار لە عەشقی پڕ شەوقی دەچێتە قۆناغی فەناوە، لە پاشان بەهارێ تەرپۆش و گوڵ بەسەر دێنێتە دنیاوە.

## سەردانێك

هاتمەوە بە تاسەوە پێشبینی دەمانی ڕابردوو، لەسەردا بۆ ژێلا و لە ژێلا بۆ سەردا، چی جادە و بانی بوو یەك بە یەك من یادم کردەوە لە پردی کوێخاوە تا سەروی بناری قەلاَدیّ بەم بەر و بەوبەردا، سوڕمدا بە دەوری سەر شۆستەو بازاڕ و دوکانیا.

نە ماڵ و حەساری دەست لە ناو دەستم دی، نە هات و هاواری مەیدانی شارم دی، نە تاڤگەو کانیاوی نە پۆلە کیژۆڵەی میوانی نە دەستەی کوڕانی ناو کوچە و کۆلانی، نە کانی حەیاتم ناسیوە نەکانی چاوەزار، نە کانی کوڕەم دی نە کانی بابلیان نە خانوی قەدپاڵی نە هینی بناری، نە کۆشك و تەلاری ماڵ صۆفی فەرەج و نە ڕیزە گوڵدانی هەیوانی، نە دەرگای شاهانەی ماڵ حاجی ڕەشید و نە ژور و دیوانی، نە تەپلەی حەمام و نە سەکۆی ئێوارەی مالاَنی نە جومعەی پیر جومعە ونە سەماو هەڵپەڕکێی عەسرانی، نە بێشە چنار و نە باخ و نە ڕەزی، نە عەلی وەلیم دی.

نە گوڵەبەڕۆژەی پڕ مەغزی، نە ڕەنگی نورانی بان بەرد و نە دەزگا و نەچەرخی، نە کیسە و سەبیلی مام فەحلا و نە پیفو نە بەردی، نە سیمای هەمیشە بە زەوقی ڕەشیدی فەرەج و نە توڕە و هەڵچونی بێ کینەی مام عەلی، نە مامە گەورەم دی نە دیدەی پڕ

ئەشـکی نـوقم بـووی نـاو دەریـای بـەزەیی، نـە قولـف و بەسـەکەی پشتێنی قەد قەدی قازاغ و نە مشکی و جامانـەی تێکـەڵی، نـە بـزەی ناسـینێك ڕوخسـاری تـێ کـردم نـە هـەوری خۆزگەیـەك ئـەم دێمـی دەرونەی تەڕ کردم، نە هاژەی چەمێکی لایلایەی بۆ کردم نـە نەغمـەو جریوەی هیچ مەلێك ڕۆژ باشی لێکردم.

شارێکی مـەحزون و لـە غـەما هەڵکشـاو، بـێ دەسـت و بـێ قـاچ و ڕومەتی کێوانی داڕوشاو، کۆمەڵێ دیواری بێ سەر و بە ڕیزە کـەلاوەی بەیەکدا داڕوخاو.

ئاخ هەرچەند ڕەنگ و ڕوی وەك جاران نـەماوە لێ لـە نـاو دڵـی مـن هەر سۆز و جوانییەکەی تیا ماوە.

# قەڵادێ

من ئەمڕۆ هەر خۆم و منداڵیم پێکەوە دەچینە قـەڵادێ، ئـەو ڕێکـە خۆڵینەی تەی دەکـەم، حەپەسـاو دەڕوانم بـەم بـەرو بـەو بـەردا، لای ڕاسـتم دیمەکـە و لای چـەپم بنـاری هاجـەرە، کـەمێ تـر دەگەمـە قەڵبەزەی ئـەو چـەمەی کـە تـاقی ژور سـەری دار سـنجوی باخەکـەی مەلایە، لەولا تر بەژنێکی خڕەڵەی دار شاتوی ڕوومەت ئاڵ لێم دیـارە، نیازمە بئاڵێم بە قەدیا و، سوراوی ئـەم لێـوە مزرانـەی بمـژم ئەوەنـدە دەست بازی لەگەڵ بکەم سەرتاپام بە شـیلەی سـورباوی نەخشـکەم، کەمێ تر دەگەمە ئەو پەڵە چنارە قاچ تـەڕەی لـە بـەردەم کانیەکـەی چـاوەزار هەڵقـەیان بەسـتووە، ئەگریجـە و پەرچـەمیان تێکـەڵی یـەك بووە، سەمایان وەك شنەی ئێوارەی ئارام و لەسەرخۆ، لێرەدا خـەیاڵ و یادەکان کۆ دەبن، عەقڵ و هۆش باردەکەن.

دیلانەی لقێکی ئەو پیرە دار تووەی ئـەو بـەرم تائێسـتاش هـاوار و قریوەی لە گیانما هەڵدەسێت، چی سۆز و مۆسیقا و ئاواز و بەسـتەیە هیچیان وەك جریوەی مەلێکی ئەم چەمە سەرسامی نەکردم، نە کاسە و گلاسی مەرمەڕی نە شوشە و فەخفوری نە چـینی هـەر هـەمووی بـە هێندەی ئاوی ناو ئەو چـاڵە بەردانـە دێمـی ئـەم ڕوخسـارەی وا پـاراو

نەکردم نە پانکە و نە سپلیت نەهەوای گوێ بەحر، فێنکی بە لاشەی من نەدا بە وێنەی نەرمە بای ئێوارەی ئەو بێشە چنارە.

پێم خۆشە وەك دۆلکەی لا قەدی پشتێنی شوانەکان دڵی خۆم گرێدەم لە باسکی مێوەکان، حەزدەکەم وەك تێشوی کاروانچی بمخەنە سەرباری ئەسپێکی کاروانی ئەم ڕێیە بە لاپاڵ ئەم شاخ و کێوەدا تێپەڕێت چی بەرزی و نشێوە چی دار و دەوەنە بە یادیان کەمەوە.

لێرەدا کۆلارەی منالێم بە بەرزی هەڵدەدەم تا هەر چواردەوری خۆم بەدەورە ببینم، ئەوەتا تەختایی کڵاوی قەڵاکەم لێ دیارە بەو دیودا چڕایی دار گوێزی باخەکەی باخەوان، بەم بەردا تەختایی (پیر جومعە) و ڕەشمیری ڕەزەکەی (حاجیلە)م لێ دیارە بەرەو خوار دەڕوانم (هەڵاڵە برمەیە) کاتی خۆی من لەگەڵ بەرخۆلە و کاژەلەی ئەم مێرگە سەوزەدا هاوری بووم،پێکەوە یاریمان دەکرد، و ڕاکە ڕاك یەکترمان ڕاو دەنا.

جار نییە ئەم ژانی یادانە گینگڵم پێ نەدا، بێ هۆش و بێئاگا لەش و دڵ لە یەکدی جیا نەکا، بە چەشنی ئەو قەترە ئاوانەی سەر غاری ڕێگەکەی ئەشکی من لە چاوا سەرنەکا.

لێرەڕا نە قاسپەی دەنگێکم بەو کەژ و کێوانە ڕا دەگا، نە لەنجەی حەزێکم بەو چەم و شیوەدا ڕێ دەکا.

# بلکیان

تاسەیەك لەم ساتە وەختەدا هەناوم هەڵدەگرێت، دەمباتە بلکیان و لە باخی ماڵ خۆمان دامدەگرێت.

ئێستاکە وام لە ژێر سێبەری دارگوێزە گەورەکەی کەناری جادەکە،لێرەدا من دەرگای قەفەزی سینەی خۆم هەڵدەبڕم ئەو هەموو کەوباڕی یادانە بەردەدەم، بە ڕەوت و بە نیوە هەڵفڕین دوا جێگاو نەزرگای منالّی و لاوێتیم تەوافکەن، لەسەر هەر تەلان و لە نێو هەر گوڵێکدا چینە کەن، هەڵزنین بەو کەژ و کێوانەی ئەم بەر و ئەوبەردا، پەروازکەن بە ڕاست و بە چەپدا بە خوار و بە ژوردا.

ئەم باخ و باخاتە هەمویان پێکەوە شۆخێکی قژ پڕە، کڵاوی زیوینی لا سەری (کەلەکەی کەژان)ە، سنگیشی ئاوەکەی بلکیانە، دەستێکی لە پرچی (ئەسحاب)دا ئاڵاوە، ئەوی دی لە (سێکو) داناوە، قاچ و قول وا لە نێو چەمێکی پڕ ئاوا، گەردانەی گەردنی هەر دانەو ڕەنگێکە هەر یەکە و بۆنێکە.

بێستونی عەشقی من ئێرەیە، شیرینی جوانی من ئێرەیە، شەمعی ئەم پەروانەی حەزانەم ئێرەیە، یاقوتی دڵی من لێرەیە.

ئەی شۆخی تەڕپۆش و ڕەنگاو ڕەنگ، گەر لەبەر جوانی تۆ نەبوایە ئەم هەموو مرواری وشانەم لە کوێ بوو گەر لەبەر ئەوینی تۆ

نەبوا ئـەم هەسـتە پـڕ جـۆش و خرۆشـەم لـە کـوێ بـوو، گـەر بـادەی خەیاڵی تۆ نەبا، ئەم مەیی و مەیخانەی دەرونەم لە کوێ بوو؟!

خەمی من وا لە نـاو مـەقامی دەنگێکدا هـیچ کەسـێك نایبیسـتێت، مەیلی من وەك بۆڵە ترێیەك خڕ و پڕ وا لـە ژێـر داڵیتـی مێوێکـدا هـیچ کەسێك نایبینێت.

من پەنجەی ناسـکی کچـانی شـارەکەم دێنمـەوە گوڵاڵـە و نێرگـزی ئەم شوێنە بژار کەن، من بازوی کوڕانی دێنمەوە جۆگە ئـاو بـۆ دێمـی کێڵگەکان والاکەن، پەپولەی تۆراوی جوانیەکـەم دێنمـەوە بـە دەوری کارێز و کانیاویا سەما کەن.

لـە پـاڵ هـەر دارێکـی ئێـرەدا مـن بـاوکم دەبیـنم لـە لای هـەر گوڵێکداپەنجـەی ئـەو دەبیـنم، لەسـەر هـەر بەردێکـدا پەیکـەری ڕوخساری پاکی ئەو دەبینم، لەسەر هـەر گەڵایـەك شـەونمی ئارەقـەی تەوێڵی دەبینم، کاتی خۆی ئـەم باخـەی وەك ئێمـە خـۆش دەویسـت، من ئێستا لەو (قەڵەمبڕە)ی ئەو دەگەڕێم نەمامێك قەڵەم بکـەم لێـرەدا بینێژم تا گیانی شاد بکەم، من بۆیـە وەنەوشـەی ئـەم جێیـەم خـۆش دەوێت، لە ڕەنگی کراسە شینەکەی ئەو دەچێت.



## سەرچەمی پێنجوێن

من ئەمڕۆ وەك پەڕەسێلکەی پوش بەدەم نیازمە هێلانەی پەخشانێك بۆ جوانی ئەم جێیە ببەستم، جۆگەیەك بۆ هەستی (بەیار)م هەڵبەستم.

چەند خۆشە ئەو کاتەی کە پورە هەنگی حەز بە دەوری هەڵاڵەی ئەم دەشت و دەرەدا دەسوڕێ و شانەیەك لە وشەی هەنگوینی داڕێژێت.

خۆزگە من دەمتوانی وەك دەنگی ئەو خاڵە ڕێبوارەی دەستێکی خستۆتە پناگوێی بە سواری ئەسپێکی (وێرغە)وە ئاوازێك بۆ سۆزی ئەم شوێنە دەربڕم، خۆزگەمە وەك دەستی ئەو مامە پیرەیەی تەنیشتم کە شوڵی بەر چینەی، گوڵاڵە دەچنێ، بتوانم چەند دێڕێك بە ڕەنگی وەنەوشە و نێرگزی ئەم هەردە بۆ باڵای شۆڕەبی کیژانی گێلاخە بە کۆڵی ئەم کوێستان زەمینە بنوسم.

ئـەبینم جەسـتەیان بـە چەشـنی چـەمیلەی چـەماوی ئـەم چـەمە، سنگیشـیان هـەر وەکـو کالّـەك و شـەمامەی ئـەم دەشـتە، پەنجـەیان بەڕولە ترۆزی ناسکی بەراوی ئەم هـەردە، وەك پۆلـە تاوسـی ڕەنگـاو ڕەنگ بە ڕەوت و بە لەنجە ڕێ دەکەن.

ئاواتمە لە کێڵگە و بێستانی ئـەم هەسـتە هـەرزاڵێك دابەسـتم، پـێم خۆشە وەك قاچی لەقلەقێك لەم کەنار چەمەدا ڕاوەسـتم، چـاوانم وەك کۆترە باریکە بۆ بازنەی خەرمانی جوانیان هەڵبدەم کچانی ئەم کـەژ و کێوانە وەك ئاسکی بەردەڵان، گەر شیلەی ئەوین و سـۆز نـەبێت هـیچ شتێك نایگرێت، وەك مـەلی کێویلـەی تیـژ ڕەون گـەر دانـی موحیبـەت ڕاینــەگرێت هــیچ بــاز و هەڵۆیــەك نایگرێــت، هــەر کــاتێکیش قــولاپی نیگایان بۆ گۆمی دەرونی هەر کوڕێك هەڵبدەن وەك ماسـی پەڕەکـەی سەر دڵیان کێش دەکەن.

کاتی خۆی کوڕانی گەڕەك و هەموو شار دەهاتنە ئەم جێیە، ڕوبـار و دەریاچەی ئەم شارە ئێرە بوو، هەندێکیش بۆ سەیران لـەو بێشـە چـنار و گوێ ئاوە ڕۆژێکی شادیان جێ دەهێشت، ژیانی ئەو دەمە سـادە بـوو خۆراکیان بە تەنها دوو هێلکـە و پـڕ مشـتێ کوزەڵـە و کـەوەر بـوو، زۆر چاکم لە بیرە پشتێنە لولەکەم دەخستە ناو ئاو وهەردوو لام دادەخسـت پڕ لە فو دەمکردە چوپی ژێر باڵی خۆم، ئاوا بوو کە فێری مەلە بووم.

سەردەمێك ئەم شوێنە مەڵبەندی بەهاری جافان بـوو ئـەو کاتـەی کە خێڵان بەرەو ژوور دەهاتن، لێرەدا جـەم دەبـوون هاوینـە هـەواری

خاتو (شەم) ئێرە بوو ڕووناکی ڕەشماڵی نێو جافان لێرە بوو، (چونکە ئەو شەمە تاتاری چینە لە دەشت بێزارە و چیا نشینە)[١]

دێوانەی سەوداسەر ڕۆحەکەی لێرە بوو، هەستی ئەو هەمیشە لەم دەور و بەرە بوو، ئاگری دڵی ئەو لەم مێرگە تەڕەدا دەسوتا، ئێرەیی بەم شوێنە دەبرد و پێی وا بوو دڵگیری و فێنکی ئێرەیە کە وا شەم بێباکە و هیچ بیری ئەو ناکات، ئەوەتا من نایلێم خۆی دەڵێ (هەوای کوێستانت وا بۆبوەوە حەیفت کرد منت لە بیر چوەوە)[٢]، حەز دەکەم لە نزیك ئەو کۆنە هەواری خێڵانە ڕەشماڵی وچانێك هەڵبکەم، خەرمانێك لە یادی ڕابردوو شەن بکەم چی تاڵی دەورانی ژیانە بە شنەی ئەم دەمە و ئێوارە بە بای دەم.



---

[١، ٢] دوو دێڕ شیعری وەلیە نوسیومە.

## ( میرە زەین ) بەیادی جاران

وا بەرەبـــەیانی هاوینـــە، نیازمـــە بـــەو ڕێگـــا باریکـــەی قـــەدپاڵی (شەخصەکەی لێژی) دا سەرکەوم بۆ (چوارباخ) پێش ئەوەی هـەتاوی سەرکەلی (کەژان) ی بێتە دەر، سەرتاپای ئەم شاخ و دەشتانە بخاتـە ژێر تیشکی چاوی خۆی بەر لەوەی بـە شـانەی زێڕینـی برژانگـی قـژی ئەم دارانە دابێنێ و بۆنی ئەو گوڵ باخ و شـەونمی ئـەو هـەموو گەڵایـە بـە لاڕێ و پێدەشـتا بڕێـژێ، بـەرەو ژور نـاڕۆم وا بـە ڕاسـتا لادەدەم لەودیوی باخەکەی میرزاوە خۆم دەکەم بە شیوی (کەنەکە سـەختە)دا لە ژێر ئەو سێبەرە تاریکەی دار گوێز و چنار و بییەدا.

لـە گۆشـەی بـەردێکی ئـەم چـەمە خـوڕەدا وچـانێك دەگـرم و دوو هەڵۆی چاوانم بە دوو لای دوو باسکی ئەم شـۆخ و شـەنگەدا دەگێـڕم، عارەقەی ماندویەتی چەند ساڵەی تەمەنێك لێرەدا دەشۆرم، ئـەو تـۆز و غوبارەی ناکامی دەرونم لێرەدا دەنێژم.

بـا بچـمە سـەر سـینەی کانیەکـەی (بابلیـان) دوو دەسـتم بخەمـە هـــەردوو لای ســـەر شـــانی، ســـەری خـــۆم نـــەوی بکـــەم بـــە وێنـــەی سوژدەیەك، بۆ ماچی مەمکۆڵەی کانیاوی.

پرسـیاری بـێ وەڵام لێـرەدا سـەرەیان گرتـووە، نـازانم چ سـیحری جوانییـەك لـەو پـەڕی دنیـاوە خـەڵکانی بـابلی بـۆ لای تـۆ هێنـاوە،

دەربەندی جادوی تۆ لە کوێوە ئەم سۆز و ئەوینـەی تێـزاوە هەسـتی مـن لـەم دۆڵـە تـەڕەدا وەك فیسـقەی بـێ ئـارام چـڵاو چـڵ، دارەو دار نازانێت بە کام لا ڕابگات یان پوشوی حەزی خۆی لە کامیان ڕابخات.

لەم شیوە شیرین و مزرەدا چی میوەی بـە چـێژە دەبینرێـت، کـێ هەیە بێرەدا گوزەر کات بۆ گازی سـەر کـوڵمی یـەك هـەرمێ ناسـکەی ڕومەت ئاڵ نەك دەمی دڵیشی ئاو نـەکات، کـێ هەیـە بێـرەدا بگـەڕێت کەللەی خۆی بەم هەموو جوانییە مەسـت نـەکات، کێـت بینـی لێـرەدا ڕێ بکات، هۆشی خۆی لە هەوری خەیاڵدا ون نـەکات، نـازانم خـومری ئەم شادییە لە کوێوە سەر دەکات، ئەم شنە و ئـاوازی گـوێ چـەمەت لە کوێوە هەڵدەکات با بڕۆین بەرەو ژوور بە (میرە زەین) دا هـەڵژنێم، بچمە لای ئەو میرە قەدیمە، پێی بڵێم ئەی میری پێشـینەی ئـەم نـاوە کاتی خۆی لەم گەروە تەنگەدا چیت دەکرد، هـەوار و بارەگـات لەبـەر چـی لێـرە خسـت، ڕاویـان نایـت یـان وەك و خـۆت هاتیـت پەیکـەری (قازان و کەوچك)[٣] ت بۆچی بوو کەی هاتیت لە کوێوە، چـۆن هاتیـت، پێم بڵێ کاتی خۆی لەشـکرێك لـەو سـەحرا دورەڕا چـۆن گەشـتە ئـەم شـاخ و کێوانـە، کـەمێکم بـۆ باسـکە لـەو هـەموو جەنگانـەی لێـرەدا ڕویاندا، لەو هەموو سـەرانەی لێـرەدا پـەڕێنرا، ئاشـوب و شـەڕو شـۆڕ لەبەر چی بەرۆکی ئێرەیان بەرنەدا، زەینەفون، ئەسـکەندەر، جـەنگیز

---

[٣] ئەو وشانەی لە کەوانەدان ناوی شوێنە

و تەیمورخان، هەمویان بێرەدا تێپەڕ بوون. ئەم هەموو گۆڕانە بە دەوری ناوشار و سەرشاخ و بن شاخدا هینی کێن، پێ ناچێت هیچ شوێنێك بە هێندەی ئەم شوێنە سك سوتاو کرابێت، تەسبیحێك پرسیارم لە مشتە و وەڵامی دەنکێکم دەست نەکەوت.

# قەڵای کچێ

دەماودەم وا بووە و منیش وام بیستووە کە دەڵێن بە دەوری دوو قەڵای ئەم شوێنە شارێکی چڕ و پڕ لە خەڵك و لە ماڵان بە دەوریا کۆمەڵیان بەستبوو، ئەو چەمە گەورەیەش ناوەندی شار بووە. شاژنی ئەم شارە لە (کانی شابان)ی باکوری (قزڵجە) ئارامی گرتبوو، هەر بۆیە کانییەکەی بەر دەمیان (شابان)ە، پێ دەچێت بە مانای (شابانو) هاتبێت ئەم کانی شابانە، لە ترسی هێرشی دوژمنان تا کوڕ و کچەکەی بە دوور بن لە بەڵای ناگەهان، دوو قەڵای لە نزیك یەکتری بۆ سازدان یەکێکیان قەڵاکەی کوڕێ بوو ئەویتر قەڵاکەی کچێ بوو، ئەوەی زۆر چیرۆك و ناوبانگی لەسەرە قەڵاکەی کچێیە شوێنەکەی بەرزتر و سەختتر بە دەوریا دەشتێکی بەرین و دڵگیرتر.

دەڵێن ئەم شازادەی قەڵایە لە دەشتی قزڵجە خۆراکی سێ ژەمەی ئامادە کراوە لەوێوە دەستاو دەست هاتۆتە نێو کۆشکی قەڵاوە.

شازادەی ئەم ناوچە شیرینە ڕومەتی بە پەڕەی گوڵاڵەی ئەم دەشتە تەڕانە تەڕ دەکرد و چاوانی بە گوڵی وەنەوشەی ئەم بنار کێوانە ڕەش دەکرد.


پێی خۆش بوو لەو قەڵا فێنکەوە ئاگری دڵی خۆی بۆ سۆزێك هەڵبکات هەردوو گوێی بۆ نەغمەی ئەوینێك شل بکات، لە دەمەو

بەهاری عەشقێکدا هەستی خۆی وەك پەلکە زێڕینە بە دەوریا هەڵبدات.

بەیانیان لەبەردەم ئاوێنەی سەرچەمدا قژی خۆی ڕێکدەخست شەوانەش تریفەی لەو ئاوە ئارام و ڕونەدا هەڵدەخست، کراسی لە پەڕی تاوس و کۆتری کێویلە نەخشابوو.

لەم شاخە بەردین و ڕەقەدا ئەم کچە نەرمین و سەنگینە ئێواران بەرەو ڕوی شێخ حەسەن دەوەستا و بە دەستی ڕاستیشی دوورا و دوور سلاّوی (ئەردەبا)ی دەگەیاند، دەستەکەی تریشی بۆ (کانی شەوەقەت) هەڵدەکشاند ئەو دەیویست هەر وەکو ئەفسانەی پەرییەکان هەڵفڕێت، یەك بە یەك ئەستێرەی ئاسمانیش داگرێت بیکاتە ملوانکەی ملی خۆی، خۆزگەی بوو لە زەردە ئێوارەی سۆزێکدا لەوکەلی (تاریەر)ە لەگەڵ ڕۆژ پێك بگات، پێی خۆش بوو ئەو لێوە تەڕانەی بە تینی ماچێکی شاد بکات.

زۆر گەڕام بە کوچەو کۆلاّنی مێژودا هەواڵم دەست نەکەوت، نە جێ پێی کچەم دی نە هینی براکەی چی لێهات ئەم کۆشك و قەلایە، کێوە چون دانیشتوی ئەم کێو و دەشتانە. نازانم شمشێری چ هۆز و میللەتێك دروێنەی بالاّی ئەم خەڵکەیان لێرە کرد، تاعونی چ جەنگێ گیاندار و بێگیانی لەناوبرد، نازانم هێزەکەی ئەسکەندەر یان گڕی پڕ قینی تەتەر بوو، نازانم شالاّوی سوپاکەی عەرەبان یاوەکو لەشکری جەنگیز و مەغۆل بوو.



## کێوی شێخ حسن

ئێوارە وەختەیە و وام لەسەر گردەکەی حاجی شێخ بە دیوی ڕۆژئاوا گەرەکمە بە نوکی ئەم خامە دەم کولەم تابلۆیەك لە وشەی وەنەوشەی ئەندێشە بۆ هەستم داڕێژم، دەڕوانمە کەوانەی ئەو کەژ و کێوانە، چۆن قۆڵیان وا لەسەر شانی یەك بە دووری ئەم هەرد و دەرەدا، هەر دەڵێی بۆ گۆبەند حەلقەیان بەستووە شێخ حسن لە کۆڕی هەڵپەڕکێ دەرچوە لە نێوەند مەیدانی ئەم مێرگە سەوزەدا چۆپیەکەی گرتووە، شێخ حسن (هۆمەرە سێنان و خونیانە)ی خستۆتە سەر قەڵادۆشکان و دوو (کانی میران)ی لە کۆشدا هەڵگرتووە.


یان سەمای ئەو بێشە چنارو شۆڕەبی گوێ ئاو و چەمانە، ئەو ئاسۆ زێڕینەی پشت سەری ئەو کێوە بەرزانە، خۆر تێیدا کەوتۆتە گەمەوە لەل هەوری تەنکی کراس سور بە دەوری گەردنی زەردباوی کەژاندا، چی جوانی سروشتە لێرەدا جەم بووە، پەپولەی تەماشام بێرەدا وێڵ بووە، چاوانم بە جوانی دیمەنی ئەم کوێستان زەمینە پشکوتووە هەناسەم بەو هەوا فێنکە گۆش بووە، گوێچکەی من بە نەغمە و جریوەی بولبولی ئەم دۆڵ و چەمانە ڕام بووە، هەستی من بەم ژینگە ئارامەو دۆست بووە، درەختی سالآنی جوانیەکەم لێرە بوو چرۆی کرد، بەهاری ژینیشم، لێرەدا گولّی کرد، هەر دەبێت پایزی تەمەنیش لێرەدا دوا گەڵای هەڵوەرێت.

شێخ حسن ئەی شێخی تەڕپۆش و تەپلە لار! قامەتی چ شۆخێك وا لەناو هەناوی بریندار، چەند ساڵە لە لای من پرسیارە، کڵاوە قوچەکەی بان سەرت بۆ لارە، ئەم لاو و لەرزانەی گوڵباخ و دارانە لەبەر چی ئاڵاون بە دەوری باڵآتا کانیەکان چاوی تۆن هەر تەڕن وشکایی بە نێویا ڕێ ناکات.

نازانم ئەم شێخە شەرابی چ دیدە مەخمورێك سەرخۆشی کردووە، یا تیری چ عەشقێك سەر دڵی گرتووە، کێ ناڵێت مەڕمەڕی ئەو بەژنی قەڵایەی ئەوبەری پەلکێشی کردووە، یان سۆزی کچەکەی نێو قەڵا سەرمەستی کردووە.

ئەم شێخە شاڵ سەوزە گیرۆدەی سەودا بوو کەچی بۆ کەسانی سەوداسەر مەڵبەندی نزا بوو، شێخە گیان کەشکۆڵی قەدیمی لە مەلا

داخزاو، زۆر مێژوی پێچراوەی لە نێودا تۆمارە و نایبینم، زۆر کسپە و هاواری ئەم ناوچە دێرینەی تێدایە و نایبیستم.



## ناوشاخان

دوو کەڵە شاخی تیژ وەك شاخی بەرانی کێویلە بوونەتە دەروازەی دەربەندێ بۆنخۆش و پڕ لە ئاو پشت سەریان کێوی بەرز، بەمبەر و بەوبەری ئەم دۆڵە قوڵەدا، هەر ڕەفەی درەخت و گوڵانە بەرە و ژور کشاون، بەردەمیان دەشتێکی پاراوی نێرگز و چیمەنە.


هاوینان ئەو کاتەی شار و شاخ لە کۆشی خەوێکی فێنکدا پێڵویان لێك دەنا، پێش ئەوەی تریفەی مانگە شەو تەوێڵی (ئەسحابە و پیرجومعە) ماچ بکات، پێش ئەوەی لا ملی کەژانی ڕۆشنکات، پێش ئەوەی بە خەندەی ڕوخساری خەیاڵی خەوی سەر بانیجەی منداڵیم خۆشتر کات، مانگە شەو لەم چەمە شەنگەدا خۆی دەشۆرد، هەر وەکو ئەفسانەی فریشتە و پەرییەکان ئەستێران لە تەکیا دادەکشان، هەر ورشە و پرشە بوو بەم دۆڵە تەڕەدا دەپژان، چی بەرد و مەڕمەڕی ئەم قەراغ چەمە بوو، دەبوونە گەوهەری پرشنگدار، چی مەل و باڵدار بوو دەکەوتنە جریوەی نەغمەدار.

وا ئێستا لەم شوێنە دوورەوە کەوباڕی یادەکان، قاسپەیان هەڵدەبڕن بۆ کۆنە هەواران، وا باڵە فرتەیان خەوی ئەم شەوە درێژە دەزڕێنن، لەوێوە نەسیمی هەوایەك دەمژەنێت دەرونم دەخاتە سەمایەك بە ڕیتمی نەزمەکان دەلەنگێت. وا خەوی زڕاوم لەم جێگە

نەرمەوە بە شاخی ڕیش زبر و ڕوشاودا بۆ لوتکە هەڵدەزنێت.

پێم خۆشە هەناسەم پڕ بکەم لە تەپ و تۆزێکی هەڵپەرکێ کە لەسەر مەیدانی خۆڵینەی ئێوارە وەختەیەك هەڵدەسێت، من دەزوی خەمی خۆم گلۆڵە دەکەم و وەك تۆپێك لەبەردەم نوکە پێی شۆخێکی چۆپی کێش دایدەنێم.

ئەم کەڵە شاخانەی کەڵبەی زۆر دڕندەی لوتبەرزیان تێکشکاند، زۆر ئاڵای سوری شەڕ لەم ناوچە سەوزەدا هەڵکران، زۆر شەڕە قۆچی نێو لاپەڕەی مێژووەکان مل ملەی نێوانی هێزەکان کێبڕکێ بۆ کورسی گەورەکان، لێرە بوو مەیدانی یەکلایی کردنەوەی دۆڕاو و براوەی جەنگەکان.



## یادەوەری

ئەو ساتەی بە سەدان لە وێنەی جۆراوجۆر بە تەنها لە چرکە ساتێکدا وەك زریان لولی دام، لەبەردەم گۆڕانی قۆناغێك لە بیر و فەلسەفەی ژیانم ڕاوەستام، تەوژمێك لە گڕ و فشاری حیرەتم لە ناخدا هەڵکرا، ئەم سیما ڕەشتاڵەم وەك یاقوت بە سوری هەڵگەڕا، تا ئێستاش ژیلەمۆی ئەو تینی یادانە هەناوم جۆش دەدات، لە تەنها مۆسیقای یەك وشە هەزاران باڵداری نەغمەدار ئاسمانی ژیانیان لێ تەنیم بە سۆز و ئاوازیان.

لە مێژە دەمەوێت ڕشتەیەك لە وشەی مرواری پێکەوە گرێدەم ئەوەندە بە شەوق و تابان بێت، بە وێنەی ئاوێنە ئەو شێوە شێواو و ئەو بیرەوەریانە وێنە بکات، وەك سەودازەدەیەك هیچ کەسیش دوکەڵی سوتانی نەبینێت، هەوڵێکی زۆرم دا لێ چی بکەم هەنگاوی قەڵەمی زاتی من دەشەلێ و بەم لاڕێ سەختەدا پڕ ناکات.

کەلەیەك لێوانلێو لە زبڵی فەرهەنگی میللەتێك، کانیاوی هەستی ڕون بە ناویا چۆن دەڕوات، چ هاژە و چ پرژەی گوێچکەی کێ تەڕ دەکات، جا کەسێك ژەهراوی نەدامەت گێژی کات ناچارە بە دەوری ڕابوردو خول بخوات، گەر حەز و شەکەتی تینویەتی شێتی کات، مەعلومە بەرەو ڕوی سەرابیش ڕێ دەکات. گەر خەزان لە وەرزی بەهاردا نەورەسی نەمامت لەباربات چۆنە گەر غەزەبت وەك باران دانەکات، چۆن دەکرێت نەشئەی ڕۆح لە قوڕ و لیتاودا مەلە کات.

شیرینی شیرینان کە چووە نێو ڕیزبەندی سەوداوە، فەرهادی ڕوتەڵە و شێت و وێت لەم مەزاتخانەیە چی دەکات، کێ جێگا قوڵنگی عەشقی ئەو دەبینێت، کێ هەیە بێستونی زامی ئەو تیمار کات، لەو بەردە ڕەقەدا هەستی ئەو بەدی کات.

با شەم هەر بسوتێ و پەروانەش گەردش کات، چ سود و بەهایەك دەمێنێت گەر تۆز و غوباری دەوروبەر هەمیشە بە دەوریا هەڵبکات، نەسیمی سپێدەی بەرەبەیان لە دڵدا چۆن هەڵکات کە بارەش دەواری ئارامیت بە با بات، کە چەرخی زەمانە نالەبار و وەرگەڕا، چی ڕیسی

ئومێدە گشت دەبێ بە هەودا، کە گوڕی لافاوی نەهامەت کێوانی داپۆشی کێ بۆ لای بەردەباز ڕادەکات.

ئەم ژینە پڕ کێشە و پڕ هیوا و پساوە زۆر کەسی کردۆتە قەلەندەر، لەم بێشەی ئاگری ڕۆژگارە هەندێکیش بونەتە سەمەندەر.

## لەبەر چی هەستی من بە دەوری خەیاڵدا خول دەخوات؟

ڕەنگە لێم بپرسن لەبەر چی هەستی من بە دەوری خەیاڵدا جریوەی خول دەخوات؟ دەواری هێمنی هەناوم لەم دنیا بەرینە هەڵناکات؟

وەك ئێوە ئەوەندەم بینیوە لە جەنگ و کارەسات، لە چەمی پڕ خوێن و پڕ کێشە، لە هات و لە نەهات، وەك ئێوە ئەوەندە نەمامی هیوای خۆم لە گۆڕنا، زۆر کەم دیم چڵێکی گوڵ دەرکات، ئەوەندە جۆگەلەی گریانم بە ڕودا هەڵبەسترا، هەر نەمدی قەترەیەك لە ئاوی سەبوری، ئەم سەحرای دەرونەم بۆ تەڕ بکات، لەم دونیا و ڕۆژگارە پڕ ئێشە ئەوەندە بێزار و کەنەفتم، بڕواکەن گەر خەیاڵ نەبوایە لە مێژ بوو دەمردم.

کێ هەیە لە چەڕە دوکەڵدا خەرمانی خەمانی بە بادا؟ ئەوەندە ناو دڵمان لە زوخاو هەڵکشا، وشك و ڕەق تەڕایی هەستێکی لێ نەڕژا، چۆن وشەی وەك پشکۆ دەکرێتە نێو ڕشتەی ئاوریشم، لە ئاگر باراندا چۆن دەکرێ کراسی پەڕەی گوڵ بە بەری جوانیدا دادورم، چۆن دەبێت لە جێگەی مرواری لە ساچمە ملوانکە بهۆنی و بیکەیتە گەردانەی گەردنی کەوباڕ و کۆترت.

بازاڕ و دوکانی خەیاڵی ناو ئەدەب سەراپای کەرەستەی گەوهەری جوانیە، گەر گوڵێ نایاب و بۆنخۆشت لا هەبوو گوڵدانی بە ورشە و

مەڕمەڕی لێرەیە، گەر تابلۆی شادییەك یان غەمگین لە ناختا خۆی نەخش کردووە، چوارچێوەی زێڕینی لێرەیە، گەر بوکی حەزێکت لە ڕێیە سەنتەری ئارایش ئێرەیە، گەر بە دوای جۆشێکدا وێڵ بوویت، شەراب و مەیخانەی سەرمەستی لێرەیە، گەر گەروت لە تینی هەوایەك تاساوە، شمشاڵی ئەو نەوا لێرەیە، گەر نیوە شەوێکی پرچێکی شکست و ئاڵۆزاو یا دەمەو ئێوارەی زوڵفێکی کاڵ و خاو، بە چەشنی عەقرەب بێت یان شێوەی تولە مار، کە دەستت نەگاتە سێوانی نێو باخان، یا دەمت تەڕ نەبێت بە شیلەی هەناران شانە بۆ لادانی ئەم شەو و ئێوارە پڕ تەمە، لە دنیای ئەدەبدا هەر وشەی شیرین و مۆسیقی بە ڕیتمە.

# خەمێکی پێچاوپێچ

نازانم ئەم خامە دەم ڕەشەم، چۆن دوتای ڕەشایی خەمێکی پێچاو پێچ لە سینەی سپێدەی پەڕەدا دابڕژێت؟ڕیزەیەك لە وشـەی ئەبڵـەق و بە ڕەونەق لە هەودای ئـالۆزی پـڕ گـرێ داچـنێت، لـە باخچـەی پـایزە نێرگزی بەهارێك بخـەملێت، لـە بـاوەش مـەیلێکی نەزۆکدا کۆرپەلـەی هیوایەك بخەنێت، ئەو هۆشەی بە مەستی لە کوچەی خەیاڵدا کـەوتووە و ڕێ ناکات، بە ئاگاو بێ ئاگا مامزی حەزانەو لە دەستی ڕادەکات.

لە سەرە و لێژگایی و ئێوارەی ژینیشدا، کەس هەڵۆی ئارەزوی بـۆ ئاسکی سەر چیا هەڵنادات، کەرەستەی ئارایش بۆ ناسکە پەخشانێك، هەر هەسـت و جوانیـە ئـالودەی یـەك دەبـن، تـەڕ و پـڕ پێکـەوە وەك تـەونی حـەریری بـە دەوریـا دەتـەنرێت، گـەر نەخشـی بـە حـەرفی وەنەوشە بنەخشێت، تـەنها هـەر جۆشـێکی بـە ئێشـە بخرۆشـێت، تـا هەورێ گرمۆڵە لە ئاهو حەسـرەتێك هـەناوت تـەمپۆش و لـێڵ نـەکات، فرمێسـکی بـە لێزمـەش وەك بـاران بـە خـوڕەم دانـەکات، دوا پـەڕەی لێوانی گوڵاڵەی یادەکان ماچ نەکات، دوا جاریش سایەقەی نەشـئەیەك لە دڵدا هەڵنەکات، ئاستەمە وێنەیـەك پڕاوپڕلـە ڕونـی لـەم تەمومـژەدا وەك هەتاو خـۆی دەرخـات، ناچـارە ڕونـاکی پەنجـەرەی مـاڵی خـۆی لەودیوی پەردەوە خامۆش کات.

ویستم بوو پەخشانێك بە چەشنی، شەوچراپرشنگی بهاویٚ، ورشەکەی گەشاوە و درەخشان، لە ناخ و ڕوخساری پەشێوان، پێم خۆش بوو مۆسیقای ئاوازیٚ، لە ڕستەی شیرین و قەشەنگدا هەڵبسیٚ، ببێتە لایلایەو زامێکی نەبینراو ڕاژەنیٚ خۆزگەم بوو ئەو بیرە باریك و تاریکەم لەم بەندی ڕۆژگارە ڕاپسێت، بە نیازی چرایەك لەم شەوی دەیجورە داگیرسێت.

## پیر جومعە

هاوینان عەسرەو دوا، ئـەو کاتــەی کـە خـەڵکی لـە کـاری ڕۆژانـەی دادەبڕان، بۆ ئامێزگرتنی چەند ساتێك لـە خۆشـی، بـەرگێکی ڕازاوە و خاوێنیان دەپۆشی، تابچنە (پیر جومعە) بۆ شایی.

وا پۆل پـۆل بـە لاڕێ خزەکـەی خـوار بـەردە گـەورەدا هەڵکشـان، لــەودیویش لەبــەری کــەناودا بــە (احمـد هاجــەر)دا هــەڵزنان هــەتاکو تەختایی پیر جومعە هەورازی هەردوو لای بە یەکتر دەگەیاند.

وا ئەڵقەی هەڵپەڕکێ دەست لە ناو دەستی یـەك هـەموانی پێکـەوە گرێ دا، ڕوی گەش و کراوە توێژاڵی ئاڵۆزی ماتەمی فڕێدا.

بـۆی عــەتر و ئارەقــە تێکــەڵی یــەك دەبــوون، بەمبــەرو ئەوبــەردا ئەوینی چەند مەیلێ ئاوێتەی یەك دەبوون، ئەو جوتە دەنـگ خۆشـەی مەیـدانیش مەسـت دەبـوون، چ بەنـدێك بـە زاردا بهاتبـا بـە بـێ بەنـد دەوترا، ئازادی دەربڕین لە گەروی ئەواندا دەبیسترا، هەناسـەی قـوڵی هەست لە بەستەی ئەواندا دەبینرا.

پیاهەڵـدان گونجـا و شایسـتەی جوانییـە، چـی وشـەی بەسـۆز و ناسکە لایەقی جوانییە، چی وزەو خۆراکی گیانیشە بە تەنها جوانییە.

لـەم دێمـە بـێ ئـاوە ئـەم دڵـە تەڕانـە سـەوزدەبوون، لـەم شـوێنە ڕەقـەدا ئـەم جەسـتە نەرمانـە جـەم دەبـوون، ڕیزەیـەك شـلومل وەك

گوڵی بەر نەسیم دەلەرین، بە سیمای شیرین و پڕ زەوقیان ئاهەنگی شاییان دەنەخشان،چەپکەیەك لە باڵای ئەم تۆپە گوڵانە بە ڕیتمێ دەجوڵان، بە نەرمە هەڵپەڕکێ تۆزێکی بۆنخۆشیان لەبەر پێ هەڵدەسان، لە ژێر ئەو موژگانە ڕەشانەش ئەستێرەی گەشاوە دەدرەوشان، بەژنی نەی بە هەوای کاڵەبەی دەلەنگی، هاتوچۆی ئەو لولەو زنجیرەی بە ڕاست و بە چەپدا هەناوی دەژەنی، تێناگەم ئەم پیرە دڵتەڕە، لەبەرچی وشکایی ئەم بانەی کردۆتە ئارامگا و شوێنی خۆی؟ هۆی چییە گۆبەندی کردۆتە سومبول و هێمای خۆی؟ نازانم ئەم پیرە عاشقی چی بووە؟ چ نەقشێ لە دڵیا بەند بووە؟ لە فەنای چ سۆزێ ون بووە؟ چ غەمزە و عیشوەیەك دێوانەی کردووە؟ ئێستاکە حاڵی بووم لە حاڵی ئەم ژیرە، من دەبمە دەروێشی ڕێبازی ئەم پیرە، کێ هەیە لەم ژینگە فێنك و ڕوگەشە لەم کەشە دڵگیر و بە جۆشە، نەشئەیەك نەیخاتە سەر نەشە، گەر پیرێ ڕێڕەوی زکرەکەی مۆسیقا و سەما بێت، فەلسەفەی تریقەی ئەوین و سەودا بێت، نۆشینی شەرابی شادی دڵ حەڵاڵ و ڕەوا بێت، ئیتر بۆ تەقلیدی مەزهەبی وەرنەگرم، لە شەوی ئەم ژینە پڕ کێشە من چرای بیری ئەو هەڵنەگرم.

## مەلی خەیاڵ

ئەی مەلی خەیاڵی حەزەکان بۆ کوێوە هەڵدەفڕی، نابینی قاچێکت بە قوڵفەی پەتێکدا ئاڵاوە، ئەوسەری لە دەستی یەکێ تر بەستراوە، فڕینت لە بازنەی سنوردا بەودیودا پڕ ناکات، دەزانم جریوەت غەمناگە و بە هیچ کوێ ڕاناگات ئەم باڵە فرتەیەی هەڵبەز و دابەزت لە چییە؟ بە دەردی خۆتەوە داکەوە ئەو هەموو داستانەی سەرپێی بە تیژی لە ژینا تێپەڕین، خەریکە جارێ تر بە خاوی دێنەوە.

ئەو ڕەنگە گەشانەی لە ئاسۆی هیوادا دەگەشا، بوونەتە چەند پەڵە ڕەنگێکی کز و مات لە دنیای خامۆشدا، ئەو گوڵە (هەڵمەڵە) و (لالە)یەی کاتی خۆی دەشنا، وا ئێستا وەك گوڵی (هەوێدار)[٤] ڕەشپۆشە لێرەدا ئەو هەمو خەرمانی بەڵێنەی لە پێشمان ڕۆکراو خڕ کرا، بۆ سکی برسییەك نانێکی لێ نەکرا.

نازانم چاوی من کز بووە، یان دنیا لێڵ بووە، سەری من کاس بووە، یان جیهان کەڕ بووە، یا وەکو بە ئەنقەست کڕ بووە وا تازە بە تازە دەزانم درۆکان وەك بێشە دارێکی لار و چەوت ڕۆژ بە ڕۆژ پەلوپۆ سەردەخات، نابینم شمشادی ڕاستییەك لە نێویا باڵا کات.

---

[٤] گوڵی هەوێدار گوڵێکی ڕەشە.

ئێستاکە دەزانم ئەم سەر گۆی زەمینە ئەو خڕە ئاسـنەی منـداڵی مـن نییە کە یاریم پێ دەکرد، مەیلی خۆم چۆن بوایە بەو جۆرەم لێ دەکرد.

نە سوری ئەم عەردەش لە وێنەی میزراحی منـاڵی مـن دەچـێ، بـە گوڕی شیپی خۆم بسوڕێ.

# سەیرانی نەوبوک

یادەکـان ناوبـەناو دوو باڵیـان لێ دەڕوێـت دەدەنـە شـەقەی بـاڵ، دەچـنەوە منـداڵی و دەمخەنـەوە نـاو بـەفر و دەمگێـڕن بـە دەوری دوکەڵی سەربان و دەمدەنـە بـەر تینـی دارزۆپـای ئێـواران، دەمخەنـە جۆلانـەی ئەفسـانەی حکایـەت تـا بـەیان ئـەم جارەیـان لـە بـەهاردا دەڕۆمەوە، ئەو کاتەی دەسـتی تـەڕی قـژی شـارم سـەوزدەکات، ئـەو دەمانەی پەلکە زێڕینەی ڕەنگاوڕەنگ، دەبێتە تاقی ژور سەری کـەژی بەرزو هەردو پێدەشت، ئەو ساتانەی خوڕەی چەم و نەغمـەی بولبـول کە دوو قۆڵی گۆرانی بۆ جوانی دەڵێن، ئەو شەوانەی تریفەی مانگ لـە بانیجەی یادەکاندا دەمخەوێنێت، ئـەو وەختانـەی پـێش شـەبەق دان، باڵندەکان لە ژور سەرما دەجریوێنێت.

لەم شارەدا هەمو ڕۆژێك هەر شادی بوو، ئاهـەنگ و بـەزم و شـایی بوو لە گەڕەك و لـە کۆڵانـدا، لـە نـاو باخچـە و بەرماڵاندا، لـە مـەزاری شەخصەکاندا، ئەو کاتە (نەوبوك)یش قیبلە بوو بۆ نزای عاشقان.

کاتی خـۆی نـەوبوکێ لـەم نیـوە ڕێگـەدا، پـێش ئـەوەی کـەژاوەی بوکێنی بگاتە مـەنزڵێ ، خەنجـەری دەسـتێکی لـە قینـا هەڵکشـاو بـە نـوکی ژەهـراوی، سـەر دڵـی ئـەم کیـژەی هەڵـدڕی، پـێش ئـەوەی چۆلەکەی گیانەکەی هەڵفڕێت، بەم جۆرە وەسێتی کردبوو (هـەر لێـرە

بمنێژن، بە سەماو گۆرانی دامپۆشن، بەهاران، ئـەو کاتـەی کـە نێرگـز چاوانی دەڕێژێ و گوڵاڵـە شـەونمی نێـو باخـان دەنۆشـێ، بـا هـەموان بێنـە سـەر گۆڕەکـەم، حەڵقەیـەك تێکەڵـە لـە کـوڕ و کچـانی شـۆخ و شەنگ، بە دەورما هەڵپەڕن، لە پاشان بۆ ئاشـتی هـەمو لا، سـفرەیەك پڕ لە خوان ڕابخەن، تاوەکو لەمەودوا ، لە نێو یەك تـەبا بـن، بـا هـەر من قوربانی دوا شەڕ و شۆڕتان بم).

لـەو کاتـە بـە دواوە دانیشـتوی ئـەم شـارە بـەهاران بـۆ سـەیران دەچونە سەردانی بەرو دوا پۆل بە پـۆل دەهانـت، مەنجـەڵ و سـێپای بەرد لە نزیك یەکتری ڕیز کران، قاڵیچە و حەسـیری لـول کـراو لـە پـاڵ یەك داخران، ڕوی گەش و پڕ خەندە وەك گلۆپ بۆ یەکتر داگیرسان.

لـەولاتر کۆمـەڵێ چـنار و شـۆڕەبی کەمـەری شـاییان بەسـتووە، شنەبای ئاوازی بەستەیەك، سەرتاپای جەستەیان دەخاتە هەڵپـەڕکێ، دەست لەناو دەسـتی یـەك، بـە ئاسـتەم شـان بـۆ یـەك شـل دەکـەن، زرمەی پێ و قریوەی گەنجەکان بیر و هۆش مەست دەکەن.

وا شایی گەرم بوو، ئێستاکە شازادەی باڵایەك سەرچۆپی گرتـووە، دەسماڵێ ئاوریشم لە ڕەنگی سەرکوڵمی دەستێکی ناسـك و خڕوخـۆڵ گرمۆڵـەی کـردووە، جـار جارێـك وەك بێچـوە مـەلێکی پـەت لـە پێـی منـداڵێ هەڵـدەفڕێ و دوو پەنجـەی نـوك یـاقوت دای دەگـرێ، جـار جاریش عارەقەی ژێر ملی پێ دەسڕێ ڕیزە چاو بـە چەشـنی پولەکـە سەرتاپای جەستەیان داپۆشی، ئەگریجەی درێژی بە خـواری و پێچـاو

پــێچ بــە دەوری گــەردن و ســینەدا داهــانی دەریایــەك لــە شــەرم و شــەپۆلێك لــە جـوانی، کـەناری هـەناوی ڕامـاڵی سەرچـۆپی دەسـەڵات لێرەدا، بە تـەنها جوانییە، حاکمی شاری دڵ لەمڕۆدا جوانییە قەتارەی نازداران تا دواشوان، هەر بە شان ئاسمـان و زەمینیـان ڕاوەشـان، ئـەم جارەش هەر بە شان ئاگریان بەردایە نێو دڵی پیر و جوان.

## سوڕانی زەمانە

من دوێنێ وێنەی سەیرم دی

پشتێکی کۆماوەو عەینەکێ زەڕبین لە چاودا

دەستێکی لەرزیوی سەر ئەژنۆ و، ئەو دەستی گۆچانێك لەنگەری گرتبوو

بە دەوریا کۆمەڵێك نەوەی خۆی بە گاڵتە و پێکەنین کۆمەڵیان بەستبوو

ئەو مینای گەردنەی جارانی وەك زەوی وشکەنی هەڵقرچاو

ئەو سینەو بەرۆکەی بە وێنەی هێلانەی داڕماو

ئەو تین و شەپۆلەی کەناری دەریاشی هەڵدەگرت

وا ئێستا قەراغی لاچاوی جۆگەیەك تەڕ ناکات

شۆڕەبی ئەو پرچ و پەرچەمەی ئاواز و گۆرانی لە گەروی مەلاندا هەڵدەکرد

هەنوکە وەك دەسکە پوشویەك بە قوڵفە پەڕۆیەك بەستراوە

سەرپۆشێك کونبڕی بەسەردا توند شەکەت دراوە

ئەو شەوقەی ڕوناکی شارێك بوو وەك چرا قوتیلەی خامۆش و کوژاوە

عیشوەیەك ناو دڵی بەردیشی دەهەژاند ئێستاکە بە تەم و دوکەڵی

ناسۆری قانگ دراو

لەبەردەم سوڕانی زەماندا سەرسام و دۆش داماوە

بێچون و سەنگینی لاسەنگ و لار بووە

بەرامەی گوڵزار و مەشرەبی تاڵ بووە

کەمەرێك یاقوتی دڵانی بە دەورا دەتەنرا

باڵایەك وەك نەمام لە باخچەی خەیاڵی زۆر کەسدا دەڕوا

ئاوێنەی ڕوخسارێك زۆرێكی لە نێودا ئەبڵەق و حەیران ما
نیازی ڕاوچیان لەبەردەم بازی ئەو چاوانە خۆیان بوون بە نێچیر
وا ئێستا لەبەردەم پایزی تەمەندا بێ هیوا و بێ تەكبیر
دیارە ئەم نێو باخی ژیانە وا بووە و واش دەبێت
كە گوڵێ سیس دەبێت گوڵێ تر دەپشكوێت

# تەنورەی بیر

وا ئەمشەو تەنورەی بیرێکم هەناوم خول دەدات
گێژەنی هەستێکە و دەزانم سبەینێم نوقم دەکات.
ئەم هاڕە هاڕەیەی وەك دەستاڕ لە سەرما دەسوڕێت
جریوەی مەلێکی جێماوە نیازیە هەڵفڕێت
ڕەشەباو زریانێك خەریکە ئارامی جەستەشم هەڵگرێت
نەسیمی ڕەوتێکە لە ناخما دەشنێت
سۆزی من وەك سۆزی دەروێشێك، گۆشەگیر لە کۆڕو دائیرەی حەریفان
بە دەنگێ مەحزون و دو چاوی پڕ گریان
کە ناڵەو هاواری بۆ فریاڕەسێکە پێی بگات
هیمەتێك لە غەیبۆ بێتەدەر مەدەد کات
لە سەحرای دەرونی هەورێکی سوکنایی گوزەر کات
یان هەوای نەوایەك سەرگەرم و مەستی کات
هەتاکو ژێی دڵی بۆ سەمای شادیەك لێ بدات
نەرمە بای بەیانێك بە دویا هەڵبکات
هەلاڵەی نەمامی هیوایەك گەش بکات
وا لرفەی لێلاوی لافاوێك لە سەرما هەڵساوە
نە دیدە دیدێکی تیا ماوە، زاریشە بە قوڕێ گیراوە
هەنگاوی ئومێدێك لەم قوڕ و چڵپاوە ڕێ ناکات
چۆن دەبێ بڕواکەم کە پەڵە گەنمێك لە دەشتی کوللەدا بالاّ کات

لە پرخەی خەوێکی ناو بیری تاریکدا
چۆن چرای خەونێك بێتە دی و شەوگارت ڕۆشنکات
لەم بگرە و بەردەیەی قەڵبەزەی بەرداو بەرد
لەنگەری ئۆقرەیەك نابینم لەسەر عەرد
خۆزگەمە ئەم چەرخی دەورانە بەو دیودا بچەرخا
تا ژیان سروشتی لە بەرگێ جوانتردا خۆ دەرخا

## تاڵاوی ڕۆژی بوکێنی

باوکێکی کەنەفت و دڵشکاو، دایکێکیش دەرونی لە زوخاو هەڵکشاو
تروسکەی ئومێدیان بە تەنها کچێ بوو،
ئەمڕۆکە ڕێك دەخرێ و وا دەیبەن بە بوکی
ئەم کچە کۆچ دەکاو دەچێتە ماڵێ تر
ئەم گوڵ و ڕیحانەی بەر ژورو هەیوانە جێ دێڵێ و
دەچێتە نێو حەوشەو بانێ تر
دەسکەنەی خەمێکی تر دەکاو
دەینێتە سەر مەلۆی خەمێ تر
ئەم ناز و ئەوینەی خێزانی جێ دێڵێ و
دەچێتە باوەشی ئەگەر و نەگەری سۆزێ تر
من وێنەی حەسرەتی ئەو ماڵ باوانە دەکێشم
ئەو چاوە لێلانەو جۆگەلەی پڕ ئەشکی ئەو دایکەی
هاواری لە گەروی ڕۆحەوە دەتەکی
لەو ساتە هەستیارەی کە بردیان بە بوکی
دەترسا بەختێکی کلۆڵ و شومی بێت
لە ماڵێ نە ناسدا کەس دەنگی نەبیستێت
ڕومەتی داڕوشاو بە زەبرەی چڕنوکی
ئای چەندە بە هێز بوو
ئازاری ئەو دەمە و نیوەڕۆی کە بردیان بە بوکی

**وەی چەندە بە سۆز بوو دوا چرکەی ماڵئاوا**

**دو ڕەحم باوەشیان بە یەکدا دەئالاّ**

**ساتێکی غەریب و نامۆیی، وەك باران دەباری فرمێسکی**

**ئای چەندە ئەو قوڵپی گریانە بە جۆش بوو**

**لەو ڕۆژە ناحەز و دڵتەنگەی کە بردیان بە بوکی**

**ئەوەندە تاریکی ڕۆژگاریان چەشتبوو**

**دەلاقەی هیوایەك لە هیچ لا دیار نەبوو**

**بۆ دەرچون لە داوی ئالۆزی ئەم دەورە**

**دەگەڕان لە درزی هەلێکی**

**ئای چەندە هەژار و کەساس بوو دەمبینی**

**ئەو کاتە حەزینەی کە بردیان بە بوکی**

**لە وەرزی بەهاری منداڵی و جوانیدا**

**کوڵێکی گەشاوە خۆی نەدا لە سینەو بەرۆکی**

**لەم دنیا شیرینەش هەر نەیچەشت تامێکی**

**ئای چەندە بە سۆ بوو، نزگەرەی هەنسکی**

**ئەو چرکە وەختانەی کە بردیان بە بوکی**

**قەت شەوێك پرشنگی خۆزگەیەك میوانی نەکردن**

**جارێکیش بازی بەخت بەسەری نەکردن**

**هەر نەبوو ڕۆژێك ڕەوڕەوەی ژیانیان تێپەڕێت بە ڕێکی**

**ئای چەندە ناخۆش بوو تالاّوی ئەو ڕۆژەی کە بردیان بە بوکی**

سیمایەك شەرماوی، وا لەژێر تارایێ پەمەیی
دەبینرا ڕوخساری ماتەم و مەلولی
نە هۆش ما لە سەردا و نە دەرکی
بەو جادە گڵەدا دەیان برد بە سوکی
بۆ بەردەم نەریت و چەپۆکی خێڵەکی
ئای چەندە بە تین بوو ئاگری ئەو ڕۆژەی کە بردیان بە بوکی
چ گریەو زاریەك لەمماڵە ڕوتەڵە بەرپا بوو
ئەو دەمەی کە بردیان بە بوکی

## یادگارییەك

هاوینان ئەو كاتەی پرچی شەو، ڕوخساری نێو شاری دەپۆشی
ئەستێرەی دەخستە سەماوەو دوراودور پرشنگی دەهاوی
لەو كەژ و كێوانەش بەسەر گشت دەون و دارێكدا، پروشـەی گـەزۆ بوو دەباری
زەمانێك منداڵ بووم پێم وابـوو مانگـە شـەو، بـۆ یـاری چاوشـاركێ بانیجەی وەنەوزم كراوە
لام وا بوو لە حەوزە ساردەكەی بەر ماڵمان خۆی دەشوات
ئەگریجـەی دارتـووە گەورەكـەی نێـو حەوشـە دەكاتـە دەسمـاڵ و ئاوێنەی سیمای خۆی پێ دەسڕێت
شەوانە پێش ئەوەی پێڵوەكان بۆ خەوتن ڕوناكی چاوەكان دابخەن
پێش ئەوەی ماڵەكان دەروازەی حەوشەیان جوت بكەن
دەنگێكی پڕ لە جۆش خۆی دەكرد بە كوچەو كۆڵاندا
بەم بەر و بەو بەردا هەڵدەكشا
پێناچێت كەس بوبێت گوێی بیستن بۆ نەغمەی هەڵنەخات
لە بەژنێ باریك و گەروێ ئاوەڵا، شەپۆلێك لە دەریای مەقامات هەڵدەستا
نازانم گەڕانی لەم ڕێگە باریك و لارانە نە جارێ نە دوان بوو!
لەدوای چی دەگەڕا بۆ وێڵ بوو!
نازانم قولاپی ئەو سەوداو ئاوازەی لە ماسی چ هەستێ گیرابوو!
هەناسەی قوڵی ئەو لە كوێدا خنكا بوو!

لەوە بوو کە تیری موژگانی چاوکاڵێك زەخماری کردبێ
ئەمیش هەر دێوانەی خاڵێکی سەر گۆنای شەمێ بێ
پێم وابێ هەر قەدی باریکی شۆخێ بوو
وا زەرد و لاوازی کردبوو
ئیتر من نازانم چ تیرێ سەر دڵی سمی بوو
شەو و ڕۆژ بەم دەوروبەرەدا ماخۆلیای گرتبوو
دەمزانی ئەم (کانی حەیات)ە وەك شەخصێ دەست وەشێن زۆر کەسی شەیدا کرد
ئاشوبی لە خانەی هێمنی هەندێکدا بەرپا کرد
سەکۆی ئەم کانییە وەك شانەی هەنگوین بوو، پەروانەی زۆر دڵی کەمەند کرد
تەنکاوی ئەم بەردەم کانییە لوتکەی زۆر خەیاڵی نوقم کرد
پشت سەرو بەردەمی چڕایی درەخت بوو
لە نێوان ئەم لقی دارانە سۆزی هەست
جۆلانەی ئەوینی هەڵدەبەست
هەر وا بوو شیرینی ئێوارەی ئەم شارەلێرەدا خڕ دەبوو
گوڵاڵەی بۆنخۆشی جۆراوجۆر لێرەدا خەرمانەی گرتبوو
کێ ناڵێ گەردشی ئاوازی بە تەنها بۆ چلێ شۆڕەبی ئەم کەنار چەمە بوو
نیشانی نەزمی ئەو بۆ ئاسکێ کێویلەی ئەو قەراغ ڕێگە بوو
پێناچێت هەڵە بم گەر بڵێم کێشی ئەو هەوایە بۆ سازی مەیلێ بوو
هەرچەندە بەشی ئەو بێستونی ڕەنجێکی بێبەر بوو

## بۆ ڕۆژی پێنجوێن

پێم خۆشە پێنجی پێنج لەوێ بم
لە شایی و گۆبەندی سێچاکان° سێپێیی هەڵپەڕم
بە شانەی دارینی دوو سەرەی هەجیجان
ئەگریجەی هەردو لای چنار و شۆڕەبی گوێ چەمی دابێنم
ئەو میلی سەعاتی سەر دڵەم بە جۆرێ بچەرخێ
وەك جولەی لاشانی چۆپی كێش بسوڕێ
ئەو ترپە ترپەیەی ڕاگرم، بیخەمە سەر نەزمی
ئەو زرمەی قاچانەی پێكەوە هەڵدەبڕێ و دادەنرێ
زەردایی سیمای خۆم بەو گوڵە باخانە سور دەكەم
ئەم ماش و برنجەی سەری خۆم
وەك ڕیزی ڕەشبەڵەك ڕێكدەخەم
ئەم كەللە شەكەت و جەنجاڵەم
بە دیدە مەخموران مەست دەكەم
ئەم لێوە وشكانەش
بە مزرە ڕێواسی ئەو كوێستان زەمینە تەڕ دەكەم
من تەشی دڵی خۆم لە باڵای پەخشانێك خول دەدەم
دێرێ چەند حەرفێكی ئاڵتونی و بریسكەی تاڵی ئەو پەرچەمی شۆخانە و

---

° سێچاكان سەیرانگایەكی پێنجوێنە ساڵانە لەو ڕۆژەدا ئاهەنگی تێدا دەگێڕدرێت.

چیمەنی ئەو بنار کێوانە پێکەوە بادەدەم
چەند خۆشە ئەو نەشە و خرۆشەی مەیلی تۆ
کەوێکی خاڵداری نەخشین بێت لەو دۆڵ و نزارە بخوێنێت
یان جەستەی کۆتەرەم، ئەو بەرگی نەمامی جوانییەی لەبەر باو
لەو بەزمی ئێوارەی یارانە بە قاقای نوکتەیەك بین بگرێت
ئای چەند دڵگیرە مامزی حەزێکم لەو مێرگە سەوزەدا گەردنی هەڵبڕێت
پێم خۆشە هەناسەم لە بۆنی گوڵاوی لای ئێوە هەڵکێشم
درەختی سەرسامیم لە باخچەی ئەو ساتە شازانە بنێژم
دۆژەنگی مێژویەك بە تەڕە نێرگزی ئەو دەمەو بەهارە بشۆرم
وەك (مری چڵییەك)[٦] بە لقی دارێکا هەڵنیشم
خەیاڵی گرمۆڵەم لە ژوری تاریك و نسورمی بیرێکدا دەربێنم
ئەم لاشە تەزیوە لەبەردەم هەتاوی ئەو دەشتە ڕاکێشم
چی لەوە خۆشترە بینایی چاوانم بە چرای ڕوخساری ئازیزان ڕۆشنکەم
هەردوو گوێم لە خوڕەی ئەو کانی و ئاوانە پڕ بکەم
چەند خۆشە پێنجی پێنج لە پێنجوێن جلەوی غارێکی چوار ناڵەم لە دەست بێت
سێ جاران بە دەورە سێ چاکی سێچاکان بسوڕێ
یا وەکو لە یاری نیشانە گرتنا، تیرێکم نیشانی جارانی بپێکێ

---

[٦] مری چڵی بە زارەوە هەورامی مانای چۆلەکەیە.

لە خەوی شەوانی سەربانێ، مانگە شەو جارێ تر چاوێکم لێ داگرێ
لە سەکۆی ئێوارە کۆڕێکی گەنجیما
ئەو پۆلە کچانەی ڕێی کانی بە لاما تێپەڕێ
هەرچەندە ناخی من گۆمێکە خەواڵو
قەت نەبوو تریفەی شادییەك لە نێویا سەما کات
لە کەنار دەریایەك لە خۆزگە بە ماتی وەستاوم
هەر نەمدی شەپۆلی بەختێکم بە ڕودا هەڵبکات
لەم زەریا بێ بنەی ئێرەدا من ماسی حەزی خۆم دەردەکەم
بەو کانییە بچکۆلەی لای ئێوەی ڕام دەکەم
چەخماخەی ئەو یادە گەشانە هەناوی ڕاتەکان
غەریبیم هەورێکی دڵپڕە لە چاوان
وا پەڵەی بڵاوی ئەم دورگەی دوریيە خڕ دەکەم
لە لوتکەی ئەو کەژ و کێوانە بە خوڕەم دادەکەم
لێرەوە هەستی خۆم وەك پەلکە زێڕینە لەو سەرای ئەوینە ڕادەخەم
کۆتری خۆزگەی خۆم بۆ چڵە دارێکی ئەو هەردە هەڵدەدەم
لە چەقی مەیدانی ئەو ڕۆژە بە جۆشە، من ئاڵای سۆزی خۆم هەڵدەکەم
لەبەردەم بڵنگۆی ئەو شوێنە، من بانگی عیشقی خۆم بە بەرزی هەڵدەدەم
گەر گونجا لەوێ بم، نیازمە سێ نوشتەی سێگۆشەی سێ چاکی سێچاکان
هەڵژەنم بە کوڵە چوارشەمەی ئاوێکی ئاشتیا
دەساو دەست بیگێڕم بەوێدا هەر یەکەو قومێکی لێ هەڵدا

دەمەوێت لەم ڕۆژە خۆشەدا
گالیسکەی خەیاڵی شاهانە لە بازوی دوو ئەسپی یالْ سپی دابەستم
تاجی دوو گۆرانی ڕەسەنی دوو محمود[٧] بخەمە سەر تەختی کەژاوەی
مۆسیقای دوو گوپی پڕ لە فوی مام حسین[٨] لە بەینا دابنێم
لێوانی بۆ تاقگەی بە خوڕی نەوایەك هەڵبکەم
هاژە هاژ بەو چەم و شیوەدا داگەڕێ
چی بەژنی درەختی باخانە بە دەوریا بلەرێ
با بەنجەی هەڵبەز و دابەزی ئاوزێ بژەنێ
سەر لوتکە ئەو کێوە بەرزانە ڕاژەنێ
ئەو جوتە خۆشخوانەی تەنیشتی چریکەی نەغمەیان هەڵبڕن
شەتاوێك لە سنگی قەڵبەزەی جوانیا هەڵڕێژن
لافاوێك لە سەحرای خامۆشی دڵاندا هەڵسێنن
کەژاوە با بە لای پشتێنی گولگوڵی (حاجی شێخ) تێپەڕێت
لەوبەریش (ئەلیاسە)[٩] هەڵفڕێ و لەنگەری ڕاگرێت
ئەو کچە شازادەی نێو قەڵاش لەو شاخە سەختەوە دابەزێت
دەسماڵی چۆپیەك لە ڕەنگی گوڵاڵەی ئەو ناوە لە دەستا هەڵگرێت
نەوبوکیش[١٠] هەڵسێنن با لەگەڵ زاوادا دەستگرێت

---

[٧] دوو محمود دوو گۆرانیبێژی جاران بوون ناسراون بە خولە نەوسە و خولە عەرەب.
[٨] مام حسین ناسراوە بە حسێنە کەڕ، جوزەلە و شمشاڵی دەژەنی لە شاییەکاندا.
[٩] (ئەلیاسە) مەبەستم شەخصی ئەلیاسەفرەیە، شوێنێکی دلگیری پێنجوێنە.

چی کچی قەشەنگی شاریشە کراسی درێژی تاوسی لەبەرکەن
بە شەوقی زێڕ و زیو ئاهەنگە ئەم جەژنە ڕۆشنکەن
بەشداران بە شنەی نەوایان هەر هەموو لە جێوە سەماکەن
بە بەستەی بە سۆزیان، پەستیان وەلادەن
بە هەوای (هاوارە و کەنیلێ) هەواری نێو ڕۆحیان فێنك کەن
بە عەتری زۆڵفانی (عەنبەر بۆ) هەناویان بۆنخۆش کەن
ئاخۆ چەند سەرسام بم ئەو دەمەی ڕیشۆڵەی تەماشام
بە دەوری بازنەیەك لە شایی دەسوڕێ
زەحمەتە لەو نەشئەو زەوقەدا دوو چاوی لە خەم کەیل
بتوانێ فرمێسکی ڕاگرێ

[10] (نەوبوك) مەزاری بوکێکە لە پێنجوێن، بەهاران بۆ شایی و سەیران خەڵك ڕوی تێدەکەن.

## یادی چوارباخ

وا کاتی بەهارە و بەیانی پێش ئەوەی تاڤگەی خۆر بە (کەلی کەژان) بێتە خوار
بەر لەوەی گوڵاوی شەونمی ڕومەتی گەڵاکان یەك بە یەك هەڵمژێ
بە تاڵی زێرینی سەر قژی درەختان بنەخشێ
پێش ئەوەی کاروانچی تەپوتۆز لە لاڕێی خۆڵیندا هەڵسێنێ
بە نیازی دەورێکی مەکتەبم لەو دەشتی چوارباخە دەورانێك لێدەدەم
تاوەکو ئەو وانە وشکانە بە کەشی ئارامی ئەم باخ و ڕەزانە نەرم کەم
بە چەشنی سەر چەشمەی ئەو کانییە ڕونانە لێڵاوی ڕۆشن و ڕەوان کەم
چەند جارێك دێم دەڕۆم کتێبێ لە دەستماو پەنجەیەك وا لەسەر لاپەڕەی
وەك توتی وتنەوەی دووبارە و سەد بارەی ڕستەێ
تێناگەم ئەم دەرسە ڕەقانە لە سەرما تەقەی دێ
وا تەواو بێزار بووم لە سەختی وانەکەم
با بچم دەسڕی وچانێك لە بنە ترشێکدا ڕابخەم
چەند ساتێك هەردوو گوێم بۆ نەغمەی بولبولان هەڵبخەم
ئەو بازی چاوانەم بۆ دەوری ئەو یاڵ و هەردانە هەڵبدەم
لە ڕەنگی ئەو جۆرە گوڵانەی لەو دەشتە هەڵچون
زەخیرەی تابلۆیەك ڕێکبخەم
نەسیمێ دڵگوشاو خەریکە بەرەو ڕووم هەڵدەکات
شادییەك لەسەرخۆ وا ناخم فێنك و گەش دەکات

**هالاوی سازێکی سازگار لەو کانی و چەمانە هەڵدەسێ**

**بە دەوریا گۆرانی باڵدار و شمشاڵی شنەی دار سەرنجم دەکێشێ**

**دیمەنی دڵگیری بە جۆرێك ئاوێتەی هەست دەبێ**

**خۆ ناگرێ ئەم شێوە شێواوەم لە سیحری جوانیا ون دەبێ**

**لێرەوە هەوراز و نشێوی دەرونم بۆ ڕەوتی خەیاڵێك تەخت دەبێ**

**ئەو عەقڵ و زانستەی ئامادەم کردووە جێگەیان لێژ دەبێ**

**وا لە دوور دەبینم دوو باڵا درەختی سەرو قژ گوڵاوی**

**لە بەینی چوارباخ و بلکیاندا بە قنجی وەستاون**

**پێ دەچێ بۆ نەشئەی نێو دڵی ڕێبواران ڕوابن**

**چەند جوانە بەم بەری بەیانە وا هەور مەچەکی تەڕی خۆی**

**خستۆتە سەر شانی شاخان و بە نەرمی کۆڵنجی دەشێلێت**

**ئای چەندە شیرینە جارجارێك جریوەی مەلێکی باڵ نەخشین بە لاتا هەڵدەفڕێت**

**لاولاوی حەزی من لە باڵای چنار و دارگوێزی ئەو شیوە دەئاڵێ**

**چاوانم سمۆرە ئاسایی بە لقی داراندا هەڵدەزنێ**

**شپرزە و بێئاگا دێ و دەچێ**

**نازانێ لە کوێدا ئۆقرەی خۆی ڕاگرێ**

**لە وێنەی ئەو هەموو ڕەنگانە و لە چێژی بە چێژی ئەو جێگا خۆشانە**

**پەیمانەی کۆکتێلێك پڕ دەکەم**

**هەناوم وەك (کانی چاوەزار) مەست دەکەم**

**گەر بێت و دوو لێوم بە گازی سەر گۆنای سێوێکی مەزەدار جوت بێ**

بیردۆزی دوو گۆشەی بەرامبەر با هەرگیز جوت نەبن
گەر کرا دوو پەنجەم بۆ دەنکە چوالەیەك پێك بگەن
دوو هێڵی تەریبی با بەیەك هەر نەگەن
منێکی بێئاگا لە مێژوی وڵات و شاری خۆم
چی فێر بم لە جەنگ و کوشتاری شام و ڕۆم
من شەیدا و حەیرانی سروشتی ئەم کەژ و کێوانەم
بۆ دەبێ جوگرافیای وڵاتی بیابان لەبەرکەم
گەر ئێستا بتوانم بە شانەی وشەیەك
پەرچەمی شۆخێکی شەدەلار شانە کەم
پێناسەی شەدەیەك لە ژور سەر حەرفێکی عەرەبی بۆ بکەم؟

## گەڕەکی بەرزان

لە بناری هەزار کانیانەوە، کۆمەڵێك ماڵ و دارچنار هەڵچوبوون،
دەست و پێی چەند تولە ڕێیەکی پێچاوپێچ، گشتیانی لە ئامێز گرتبوو
وەك تابلۆی جوانییەك بە تەوێڵ ڕوخساری شارەوە ئارامی گرتبوو
قامەتی شیرینی هەموانی کەمەن کێش کردبوو.
دەستێکی لە ملی (کانی حەیات)دا ئاڵابوو
ئەودی لە (بەری کەناو)دا دانابوو
هەڵگەڕ و داگەڕی کچانی وەك ئاسکە کێوی بوون لەو بەردەلانیە
ئەم ئاسکە سرکانە هەریەکەو دەستەمۆی دەستێ بوو
هەریەکەو بۆنخۆشی جوانیان بە وێنەی گوڵێ بوو
جێگەشیان هەریەکەو ئینجانەی دڵێ بوو
هەریەکەو زینێکی ئەوین بوون وەك چرا لە هیوای مەمێکدا هەڵدەکران
یاقوتی زۆر وشەی هۆنراوەو گۆرانی کرایە گەردانەی گەردنیان
نیو نیگای ئەم شۆخ و شەنگانە بە عیشوە و غەمزەیان
زۆر گەنجی بە بازو و تۆکمەیان داپوکام
کناچەی ئەم شوێنە جوانیان وەك بەرگی تاوسی ڕەنگاوڕەنگ جۆر جۆر بوون
چاوگەشیان بە چەشنی گەلاوێژ لە خۆزگەی حەزێکدا دەیجروان
ڕوناکی چاومەستێك، مانگ ڕوخسار، تریفەی لە گۆمی هەستێکدا دەوەشان
هەشیان بوو وەنەوشەی عەشقێکی ڕەشتاڵە سەرمەستی کردبوو
یا بەژن و باڵایەك سەرسامی کردبوو

یان سێوە لاسورەی ڕومەتی بێ گەردێ وەك پشكۆ لە كورەی دڵێكدا سوتابوو
ئێواران جوانی شار لێرەوە خۆی دەنوان
ئەو دەمەی گزنگی خۆرەتاو كە شانەی زێڕینی دەهێنا بە قژ و ئەگریجەو پەرچەمیان
شەوانەش كوڕگەلی ئەو كاتە بە سەدای گۆرانی ئەم كێوە و ناو شاریان دەهەژاند
فەرهادی هەر دەنگێ زریكەی لە ڕۆحی شیرینێ هەڵدەساند
پێشتریش كاتی خۆی دوو دەنگی ڕەسەنی ئەم ناوچە، لە كانە بەردەكەی (سەرینی ئاشی)دا، شەوانە هەتاكو درەنگان
مەقام و بەستەیان هەڵداوە بە شێوەی ڕوخساری نازداران
نەوەی نوێی شارەكەم نازانن ئەم بەرد و كەلاوە چۆڵانە
لە ژێریا گوهەری یادەكان تا ئێستاش هەناسەی تیا ماوە

## جوانی پێنجوێن

ئەی شۆخی نازدار و مەزەدار
نازانم ئەم سیما قەشەنگ و تەڕەی تۆ
ئەم هەمو گوڵاوە بۆنخۆشەی لە کوێ هێناوە
چ سیحر و جادویەك لە جوانی باڵاتا ڕواوە؟
وا تەمەن لەسەرخۆ دەستێکم بۆ گۆچان کێش دەکات
کەچی تۆ بە گەنجی هەر ماویت
هەر دەمە و بە تەرزێ بەرگی خۆت دەگۆڕی
تۆش وەکو نەبەهار بەرەو ڕوی ئاشقان وەستاوی
من ئێستا غەمێکی سەر سپیم!
تارمایی دوکەڵی دووری تۆ
ڕوناکی ڕۆژگاری لێڵ کردم
ئەندێشەی مەیلی تۆ
ئارامی لە ژینا هەڵگرتم
ئەوەندەم لە شیلەی هەڵاڵەی سنگی تۆ مژیوە
تاوەکو لە پورەی هەناوما
ڕوخساری شیرینت وەکو هەنگوین شانەکەم
ئەو شێوە بێچون و ڕازاوەت
لە تاقی بیرمدا وا دەقی گرتووە
خەیاڵت وەکو تاڵی ئاوریشم

هەریەکەو بە جۆرێ کڵافەی گرتووە
وا پەڵەی دورییەکەت ئەوەندە چڕ بووە
بارانی ئەوەندە بە لێزمە و خوڕ بووە
لافاوێك لە هەستم هەڵچووە
جەستەشم کۆتەرە ئاسایی
لەبەردەم شەپۆلیا گێژ بووە
عەشقی من تا بڵێی شێتییە
دەمەوێت لە قەراغ ئەو کانییەی سەردەمی جوانیما
نەسرین و ڕەزیانە، یا شەوبۆ و ڕیحانە، پێکەوە ماچ بکەم
هەناسەی هەمویان بە یەك جار بۆن بکەم
یان لە بن قامەتی ئەرخەوان ڕاوەستم
دەستێکم بۆ باڵی هێرۆیەك ڕاکێشم
وشکایی چاوانم بە دیدەی نەرگزێك بڕێژم
پێم خۆشە وەك پشتێن بئاڵێم بە دەوری کەمەرتا
وەك منداڵ هەڵزنێم بە سینە و بەرۆکتا
ئەوین و سۆزی تۆ زۆر سەیرە !
هەتاکو دورتر بم وێنەکەت لە ڕۆحما گەشترە
هەتاکو بەرەو خوار بە کێوی تەمەندا داگەڕێم چێژەکەی زیاترە
نەقشی تۆ بە جۆرێك لە دڵدا بەند دەبێ
هەر کەسێ بتبینێ وەك سۆفی جزبەیەك دەیگرێ

هەرکەسێك پەیمانە لە خومری خۆشی تۆ پڕ بکات
یا وەکو قەترەیەك شەونمی بەیانت نۆش بکات
ئاستەمە نەشئەیەك سەرتاپای مەست نەکات
بە دەوری هەر شەمی یادێکا پەروانەی حەزێکم
لە شەوی تاریك و دڵتەنگیت من چرای دەستێکم
لەو بەستە و مەقامەی بە تۆدا وتراوە من نەغمەی دەنگێکم
نامەوێت نهێنی ئەوینم بۆ هیچ کەس باس بکەم
هەتاکو نەوبوکم دەبینم بە توندی دامەنی ڕادەگرم
تا بوخچەی ڕازێکی پێچراوە بە ڕویا والآکەم
هەرچییەك نەمویستووە بدرکێ بۆ ئەوی بەیانکەم

## پایزی دوری

پایزی دوریت زەردی کردمەوە
گەڵای ئومێدی لە دار کردەوە
تاڵە موی ئارام بەرەو پچڕانە
ئاوایی دەرون ڕو لە وێرانە
پشکۆی مەیلەکەت گەش گەش دەسوتێ
هیچ خۆڵەمێشێك داینامرکێنێ
هەنگی خەیاڵم بەرەو لای تۆیە
ساتی هەنگوینم بەهاری تۆیە
پەیمانەی شادی لە تۆ پڕ دەکەم
کەللەی جەنجاڵم تەواو مەست دەکەم
هەناسەی من و شنەی بەیانت
تێکەڵ بە سۆزی شمشاڵێ بکەین
هەوایەك هەڵکەین لە چۆڵی نەیدا
ئەوین پەخشکات بە هەردوو کەژدا
فوارەی حەزان بەرەو ژور هەڵچێت
لە شیوی عەشقا لافاوێك هەڵسێت
سیمای مەلولم بێنێتە نەشە
گوڵزاری ژینم بخاتە گەشە
هەردو کەوانەی باسکم خڕ دەکەم

لە کەمەر لێژیٚ توند گرێی دەدەم
ئالآیی نیاز دەم لە بەرۆکی
نەشئە بنۆشم لە نێو دەمێکی
سۆزی من شێوەی (شیوی بەفرە چالٚ)
تەڕی لیٚ نابڕێت هەر چوار وەرزەی سالٚ
کوچەی سەودایم (چالە ڕۆحیٚ)یە
هەرمێی دلێشم (ڕابە زەلیٚ)[11]یە

[11] تێبینی: (شیوی بەفرە چالٚ) و (لێژیٚ) و (چالٚ ڕۆحیٚ) و (ڕابە زەلیٚ) چەند جێگایەکی پێنجوێنن.

## بۆ ( هەڵاڵە برمە )

هەڵاڵەی حەزانم لە مێرگی پاراوتا شیلەی گرت
ڕوخساری جوانیەکەم لە باوەش تۆدا بوو ڕەنگی گرت
نیازمە لاولاوی ئارەزوی منداڵیم بێنمەوە
پێچ بدا بە دەوری ناوقەدی گوڵێکدا
وەك عاشقە و ماشقە بئاڵێن بە یەکدا.
ئەو پۆلە کچ گەل و کوڕ گەلەی جارانیش بێتەوە
لە بازنەی یارییەك ڕەنگاوڕەنگ
هەر دەستە و بچێتە ناو دەستی ترەوە
لە سەکۆ سەوزەکەی هەڵاڵە برمەدا
خەرمانەی جوانیەك خۆی بادا
لەو گەمە بە چێژە گەرومان واڵاکەین
بە یەك جار بە یەك دەنگ
بولبولی نەغمەیەك هەڵبدەین.
هەموشمان لە ئەڵقەی سورێکدا
بە نەزم و بە ڕیتمێ سەماکەین
چەند خۆشە شەقشەقەی ئەم دڵەم بلەرزێ
لە سینەی هەڵاڵەبرمەدا
سەهۆڵی ناخێکی ساردو سڕ بتاوێ لەبەردەم
هەتاوی هەڵاڵە برمەدا

ڕۆحیشم ببێتە پەروانە بسوڕێ
لە دەوری گوڵانی هەڵاڵەبرمەدا
گەر خەیاڵ عەقڵیشی لێ بردم
من لە دوی ناگەڕێم
دەزانم کەوتوە
لە تەختی هەڵاڵەبرمەدا[١٢]

[١٢] هەڵاڵەبرمەدا شوێنێکی دڵگیرە لە پێنجوێن کە یادگاری منداڵیمی تێدایە.

## نەوبوك

لە مێژە نوبوکێ لە کۆشی دەشتێکدا چاوەڕێی هاتنی زاوایە
بە تارای سورەوە کەوتوە هیچ کەسی بە دەورا نەمایە
با برا زاواکان لە گۆشەی (سێچاکان) کۆمەڵێك ڕێك بخەن
لە نزیك دەوارە کۆنەکەی خاتو شەم ڕەشماڵێك هەڵبخەن
هەمو لا پێکەوە ڕێکەون تا سۆزی دوو دڵان پێك بگەن
با (مینا) کانیەکەی جێبێڵێ و باڵێکی ڕاگرێت
خاتونی نێو قەڵاش بێتە دەر ئەوی دی ڕاکێشێت
کچانیش بە پەنجەی ناسکیان کڵاوی تەقەڵچن
بە تاڵی خەیاتەی ئاوریشمین
با نەخشێ لە شێوەی کڵاوە قوچەکەی دێوانە بۆ زاوا داڕێژن
با منیش ئاوێنەی (سەرچەم)م بە پشتی کۆماوەم هەڵگرم
بەرەو ڕوی تریفەی غەمگینی نەوبوکێ ڕایگرم
بێ پلان بۆ شوێنێ نەزانراو بە نەرمی ڕێ ببڕم.
وا بوکێ چەند ساڵە لەم هەردە خەوتوە
نازانێت کە زاوا بەرەو کوێ ڕۆیشتوە
پێدەچێت ئەو زاوا ونبوە (کوڕەکی قەڵا) بێت
یا (میرەزەین) بێت لە دوی ئەو وەستا بێت
چەند ساڵە (قازان و کەوچك)ی بۆ چێشتی بوکێ خان دانابێت
یان (دارە کوێخا) بێت

لەو ڕێگە خۆڵینە ڕامابێت
یان شۆڕە سوارێکی نێو خێڵی بابلیان
وەکو مۆم لە ڕیدا سوتابێت
دوور نییە بوبێتە (هێلانەی کۆلاران) لەو کێوە بەرزانەی ئەودیودا
یـا وەکـو لـە شـاخی (جنەیـەڕ) جنــەکان بــەرگی بــێ ڕەنگیــان پۆشیبێت بە بەردا
کێ دەڵێت (پیر جومعە) خۆی نییە
فرمێسکی بە خوڕی (شێخ قاسم)
لە سەرای (نەوان)دا بۆ عەشقی ئەو نییە
لە (دێ کۆن) نەماوە ڕەنگە جێی هێشتبێ
هەواری سەرلەنوێی لە تەختی (سەرکۆشا) خستبێ
دور نییە ئەو (سێوە تاڵاتە)ی بە باسکی کەژاندا ئاڵاون
تاڵاوی دەرونی ئەو نەبێ
وا جەستەی نەوبوکێ لێرەدا پێکراوە، ئەی زاوا لە کوێیە؟
وەك (هەزار کانیان) خوێناوی لێ دەڕوا، ئەی هەست و ئەوینی لە کوێیە؟
ئەو کاتەی سەر دڵی بوکێیان بە خەنجەر هەڵدڕی
کۆتری سۆزی ئەو بۆ کوێوە هەڵفڕی؟[١٣]

---

[١٣] تێبینی: مەبەستی سـەرەکیم لـە داسـتانی نـەوبوك بیرخسـتنەوەی هەنـدێ لـە شـوێنە دڵگیرەکـانی دەوروبـەری پێنجوێنــە و ئاشـناکردنیانە بـە نـەوەی نـوێ، وەکـو: (نــەوبوك، سێچـاکان، کـانی مینـا، قــەڵای کـوڕێ و کچـێ، سەرچـەم،

## هەستی من

هەمێستا هەستی من چۆن (هەرمێ گزگزە)
بە (قورە ڕەشە)دا چەقیوە
ڕیشۆڵەی بینایش بە (بەری کەناو)دا
بۆ باڵای چنارێ فڕیوە
هەناسەم هەر عەینی هاتوچۆی
شەپۆلی چەمێکە
دڵیشم لە وێنەی گۆزەێ سورباوی
لاشانی کچێکە
دەرونی تاریکم لە یادی شیرینا زۆر کەیلە
وەك ترێ ڕەشمێری ڕەزەکەی (حاجیلە)
هەرچەندە قورسایی ئەم ژینە وەك (بەردە گەورە)یە
کەچی من خەیاڵم لای هەرمێ ڕەشتاڵەی (باخەکەی خونچە)یە

---

میرەزەین، قازان و کەوچك، دارەکوێخا، هێلآنە کولاران، جنەیەر، پیرجومعە، ئاوەکەی ئاشی شێخ قاسم لە سەرنەوان، دێ کۆن، سەرکۆشك، سێوە تاڵەکانی لای کەلی کەژان، شەخسە سوتاو، هەزارکانیان).

## کۆتری خەیاڵ

کۆتری خەیاڵم بۆ ئەڵقەی گۆبەندێ هەڵدەفڕێ
سەرشانی سواوم بۆ سەمای ئاهەنگێ دەجوڵێ
حەزدەکەم بچمەوە ئەو بەردەم ماڵانەی شاییان دەگێڕا
جوان و پیر لە بازنەی شادییەك بە ڕیتمێ دەسوڕا
ئەم جارە ڕوپۆشی شەرمی خۆم دادەدڕم
لە نێوان دوو کیژی بە زەوقی گەڕەکدا دەست دەگرم
خەرمانی خەمانم لەبەردەم هەوایەك بادەدەم
چی گوڵی بۆنخۆشە لە ڕەفەی نێو دڵدا دایدەنێم
دەچمەوە ئەو وەختەی هەناسەی (مام حسێن)
بە ناخی شمشاڵدا ڕۆدەچو
فوارەی ئاوازی
بە باڵای جوانیدا هەڵدەچو
ئەو ساتەی کە هەستی پۆنگ خواردوی بۆ نەزمێ دەهەژا
شەپۆلی نەغمەکەی بە ڕۆخی هەناودا دەپژا
کە سۆزی بە تینی لە گەروی نەیەکەی جۆش دەدا
ئاگری لە کورەی ئەوینی حەزاندا گڕ دەدا
دەچمەوە ئەو کاتەی شۆخێکی قەد باریك چۆپیەکەی لە دەست بێ
کە بەستەی گۆرانیش چریکەی زوڵاڵی (عەودە) بێ

## من

من نزگەرەی کانیەکی نەتەقیوم
چاوەڕوانی هەورەگرمەی بەهارێکم
کێڵگەی هەستم دێمیٚ ڕەقە
زۆر تامەزرۆی بارانێکم
خولانەوەم بە دەوری عەشقێکی زڕا
گێژی کردم
لە سەحرای وشك و برنگی خەیاڵێکدا
سڕی کردم
گێژەڵوکەی خۆزگەیەك بو وێنەی پوشو
هەڵی گرتم
هەرچی شوێن پیو ڕێگە هەبو، بە تەپوتۆز
لێی ونکردم
لەناو مەیخانەی بیرێکدا، وەك بادەنۆش
مەستی کردم
عەقڵی شلم هەویریٚ بو، چۆنی دەویست
وای لێکردم

## دەروێشێکی گۆشەگیر

دەروێشێکی گۆشەگیر بووم، لە سوچی خەڵوەتێکدا بووم
بۆ هاتنی نورێك لە دوور، دەستە و دوعا لە زکرا بوم
جوانیم کردە فەرشێ سور، ڕامخست لە بەرپێی پیرێکدا
دەزوی هۆشم هەموو لولکرد، پێچام بە گفتی زارێکدا
هەتا باوەشی حەزێکم، بە بوکی مەیلێ شاد بکەم
لە بێ ئاگایی حاڵێکدا، گۆڕانکاری بەرپا بکەم
دڵی شێتم میزراحێکی بێ گرتو، لە دەوری خۆی دەخولایەوە
سۆزی دەرون چرایەك بو، کزوبێ تین، لە ناوەختا کوژایەوە
وا زستانی چاوەڕوانی، سەرو ڕیشی سپی کردم
نە خۆری نەوبەهارێ هات، نە شەماڵێ ڕوی تێ کردم

## دورِیان

به من دەڵێت:
تۆ تارمایت لە نێو تەمێکدا جێماویت
لە دورِیانی ڕاڕایی دۆش داماویت
وەرزی بەهارێکی سەوزەو تۆ لە زەردەی پایزێکدایت
کاروان بەرەو ژور ڕێ دەبڕێ و تۆش لە شیوی خەیاڵێکدایت
چاوت لێڵە و لە ناو گۆمی دەم دەمیدا شڵەقاوە
تەنها سیمای هەستی تۆیە لەم دەمەدا حەپەساوە
یان خولیای سۆزێکی ترە وا گێژو وێژی کردویت
یان خومری جادوبازێکە وەها سەرمەستی کردویت
منیش دەڵێم:
گەر لە دورِیانێکدا بم هەردولاکەی وەك و یەك بێت
بەهار و زەردایی پایز لە یەك کاتدا تێکەڵ یەك بێت
کاروان چەندە بەرە و ژور بێت کۆتاییەکەی بەرە و خوار بێت
ئەگەر گۆمێ لە چەند لاوە بە لێڵاوێك شڵەقابێت
سیمای منیش لە ناویدا بە تەنهایی حەپەسا بێت
بۆچی دەبێ سۆزێکی تر لە باوەشیا گێژم نەکات؟!
ئەگەر خومری پڕ جادوش بێت لەم کاتەدا مەستم نەکات؟!
کە تاریکی زەمینی گرت، هەوریش ئاسمانی لێ تەنیت
بزەی ئەستێرەیەك نەما کە بیبینیت

**ئیتر شەوق و پرشنگی ئەو لەکوێدایە؟**

**گەر بەم حاڵە ڕەشبین نەبم**

**ئەی گەشبینیم لەچیدایە؟**

# چاوەکانم

چاوەکانم دوو قارچکی خڕوخۆڵ و سپیکەلەی هەناو ڕەش بو
لە سینەی کوێستان هەڵتۆقی
شەتڵی وەنەوشەی ئەوینیش
هەر لەو مابەینەدا چەقی
کارێزی سۆزی دەرونم
لە بەهاری ئەودا تەقی
لە مەیخانەی ئاسودەیم مەی بەدەست بو
بە لێوانی ڕەنگ یاقوتی
لە دەمی بادەنۆشیدا بو بە ساقی
بە ڕوخساری شیرین شێوەی پڕ لە زەوقی
دەیکردە ئاو لە ناو دڵدا
بەستەڵەکی بەستوی ڕەقی
جەرگ و جەستەی ڕادەتەکاند
تەزوی عیشوە و نیگای بەرقی

## چلورە

چلورەی ئەو گوێسەبانەی بەر هەیوانە

ورد و درشت سەربەرەوخوار شۆڕ بونەوە

پاکی ئەشکی شەونخونی دو دیدە بو

لە ئێشکی کۆرپەی هیوایەك ڕەق بونەوە

گیانی بەندە وەك چۆلەکە پاساری بو

لەبەر پەنجەرەی مەیلێکدا بێ ئۆقرە بو

جریوەی بۆ ئەو ئەستێرە شێتۆکە بو

لە ناکاودا هەڵدەهات دەکوژایەوە

باڵە فرتەی بۆ تارمایی نەمامێ بو

جار جار لەبەر چاو ون دەبو

هەندێ جاریش دەشنایەوە

## شەپۆلە بێ ئۆقرەکان

ئەو شەپۆلە بێ ئۆقرانەی لە کەناری مەیلی تۆدا
دێت و دەچێت
ڕاتەکینی ناو بیرێکە
لە ناخەوە ڕادەچڵەکێ
تووڕەیی ئەو تەوژمانەی
قوڕو لیتاو بەجێ دێڵێ
هەموی تینی تەنگەتاوە
ئاوا شێتانە هەڵدەچێ
تەم و مژێك لە سیماتا پێچ دەخوات و
سەرسام دەبێ
هەموی خەیالآتی شەوە
خۆی لە ڕوخسارت هەڵدەسوێ
ئەو دو چێشکە دەنوك ڕەشەی
بەرامبەرت هەڵنیشتوە
بینایی دو چاوی منە
عەقلێ و هۆشیان جێ هێشتوە

## وێنەیەك

چەند جوان بو ئەو ڕێگا باریکەی لەنێوان
کانیەکەو سەرسەکۆ کۆنەکەی بەر مالآن
زەمانێك پەپولەی نیگاکان
ڕاست و چەپ لەوێدا، بە یەکدا دەئالآن
بێ چرپە هەر یەکە و مەیلی خۆی بەوی دی دەگەیان
ئەو کاتەی چەخماخەی لێدانی دو دلآن
لە دەمەو ئێوارە تەڕێکی بەر باران
ئاگری لە پیفوی[١٤] حەزیاندا هەڵدەسان
لە کورەی عەشقێکی بێ دەنگ و بێ زمان
دوراو دور بۆ یەکتر دەسوتان

---

[١٤] تێبینی: پیفو ئەوەیە بە پریشکی بەردە چەخماخ ئاگر دەگرێ بۆ ئاگری یەبیل کێشان بەکار دەهات.

## لەو دیو تەنافی هەڵخراو

منداڵی خۆم دەبەمە سوچی کۆڵان

دەڕوانمە گوێ بانێکی ڕێحانە بەن، لای ئێواران

ئەو ساتانەی لەودیو تەنافی هەڵخراو، سۆزی کچێ

ئاسک شێوە شپرزەیەو دێت و دەچێ

جار جارێکیش بێ ئاگایەو، سەری سەودایەك دەردێنێ

لە ئاوێنەی ڕوخساریدا

دو ئەستێرە، پرشنگ دەداو دەجریوێنێ

بۆ پێشوازی و خرۆشانی ئەویندارى

بە دەم بزەی پڕ زەوقەوە، یەکێکیانی بۆ دادەگرێ

## واتای وشە نادیارەکان

هەوێدار: گوڵێکی ڕەشە

نەوبوك، سێچاکان، پیر جومعە، ناوشاخان، چوارباخ، بلکیان، سەرچەم: سەیرانگاکانی پێنجوێنن

میرەزەین، کەنەکە سەختە، قازان و کەچك، هەڵاڵە برمە، قەڵادێ، ئەلیاسەفڕە: شوێنە دڵگیرەکانی پێنجوێنن

بەرکێو، بەرزان، بەری کەناو، کانی حەیات، ئەلیاسەفڕە: ناوی هەندێك لە گەڕەکەکانە

کانی حەیات، هەزار کانیان، کانی بابلیان، کانی چاوەزار، کانی کورە: هەندێك لە کانیەکانی پێنجوێن و دەوروبەرن

شێخ حسن، کەژان، قەڵای کچێ، تاریەر، ئەسحاب، ئەحمەد هاجەر، حەمە قاسێ، حاجی شێخ، جەلال بەگ: ناوی هەندێك لە شاخ و بەرزاییەکانی پێنجوێنە

مام حسین: شمشاڵ ژەن و جوزەلە ژەنێکی بە توانا بوو لە شاییەکاندا جوزەلەی دەژەنی ناسراوە بە حسە کەڕ.

باوەلێ: مەبەستم کەریم باوەلێیە کاتی خۆی شمشاڵ ژەن بووە.

مەڵەك: حەمە مەڵەکە گورانیبێژێکی میللی بوو

عەرەب: مەبەست خولە عەرەبە گورانیبێژێکی زۆر دەنگ خۆش بوو

محمودی نەسروڵا: مەبەست خولە نەسەیە گورانیبێژێکی بە توانا بوو

تاریکە: مەبەستم صاڵحە تاریکەیە گۆرانیبێژێکی میللی بوو

دوو برای کۆماسی: مەبەستم کاك جەواد و کـاك عـەزیزی برایـەتی، باوکیان بە عەبە کۆماسی ناسراوە، دەنگیان زۆر خۆش بوو

ئەسپی وێرغە: خۆشترین جۆری ڕۆشتنی ئەسپە کە هەمو ئەسپێ نیەتی

قەلەندەر: کەسێك کە پەیوەندی بە دنیاوە نەبێت

سەمەندەر: گیانلەبـەرێکی ئەفسـانەییە کـە لـە نـاو ئـاگردا دەژی و هێلکە دەکات

عیشوە: ناز

ڕشتە: دەزوی هۆنینەوەی ملوانکە و تەزبیحە

هەودا: تاڵ

تابان: تیشك دەرەوە

ژیلەمۆ: خۆڵەمێش کە چنینی ژێرەوەی ئاگر بێت

حەیران: سەرسام

حەریف: هاوڕێباز

نەشئە: سەرخۆشی

حیرەت: سەرسامی

نەورەس: تازە پێگەیشتو

مەدەد: یارمەتی

غەمزە: چاوداگرتن

کەمەند: ڕاکێشان

بێچون: بێهاوتا، بێ وێنە

مەشرەب: خووڕەوشت

نەوا: ئاواز

نەسیم: شنە بای بەیان

نەدامەت: پەشیمانی

شمشاد: جۆرە دارێکی بەرز و ڕێکە

هەڵمەڵە: گوڵێکی سورە